# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی


• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# یاخی بوونی ژن لە سستمی نێرسالاری لە ڕۆمانی (سێبەری درۆ)دا

## پ. ی. د. نجم خالد نجم الدين (ئەڵوەنی)

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی
سەلاحەددین – هەولێر
najm.alwani7@gmail.com

**پوختە:**

کێشــەی ژن و ئــەو جیاکارییــەی لــە کۆمەڵــدا دەرهەقــی ژنــان پەیــڕە و دەکــرێ، بووەتــە بابەتــی ســەرەکی ڕەخنــەی فێمینیزمــی و لــە زانکۆکانــی جیهــان دا بایەحێکــی تایبەتــی پــێ دەدرێ، و کۆمەڵــێ توێژینــەوەی گرنــگ لــەم بارەیــەوە نــووسراوە و لــە ڕوانگــەی جیــاوازەوە خراوەتــە بەربــاس و لێکۆلینــەوە. ئــەم بابەتــە تەنیــا لــە ڕووی کۆمەڵایەتــی دەروونییــەوە کاری لەســەر نەکــراوە، بەڵکــو ڕووبەرێکــی گرنگــی لــە ڕەخنــەی ئەدەبــی، بەتایبەتــی لــە ڕەخنــەی ڕۆمــان دا بــۆ تەرخانکــراوە. ڕۆمانــی "ســێبەری درۆ" ش کــە لەنووســینی نووســەرو ڕۆژنامەنــووس و چیرۆکنــووس "ســۆنیا ســەدیق" ە بەتەواوەتــی بــۆ ئــەم مەبەســتە نــووسراوە. لــەم توێژینەوەیــەدا دەمانــەوێ بزانیــن نووســەر چــۆن کاریکــردووە بــۆ لێدانــی ســستمی نێرســالاری لەڕێــی یاخــی بوونــی کارەکتــەری ســەرەکی لــەو سســتمە بــۆ ئــەوەی ببێتــە خاوەنــی جەســتە و ویســت و چارەنووســی خــۆی و ئازادانــە دوور لــەو ســتەمەی پیــاو دەیــەوێ لەڕێــی ســوود وەرگرتــن لــە هــزری کۆمەڵایەتــی و داب و نەریــت و بیرکردنــەوەی نەریتییــەوە دەســەڵاتی خــۆی بەســەر ژن دا بســەپێنێ و تەنیــا لەڕوانگــەی جەســتەوە بڕوانێتــە ژن، دوور لــە هەمــوو پێوەرێکــی عەقڵــی و مرۆیــی کــە ژن بەکەســێکی کارا و هاوبەشــی ژیانــی پیــاو تەماشــادەکات.

کلیلەوشە: کۆمەڵگەی نێرسالاری، مێینایەتی، جەستە، سۆنیا سەدیق، یاخی بوون.

**پێشەکی**

بابەتــی نێرســالاری وەک دەزگایەکــی هــزری و دەســەڵاتێکی کۆمەڵایەتــی کــە پێــوەری جیاوازیــی بایۆلــۆژی دەکاتــە بناغــە بــۆ ئــەوەی مافــی پاشــکۆکردن و پەراوێزخســتنی ژن بکاتــە کارێکــی یاســایی ڕێپێــدراو، وەک بوونەوەرێکــی لاواز و بێدەســەڵات بڕوانێتــە ژن و تەنیــا بــۆ چێــژی سێکســی و خزمەتــی مــاڵ و منــداڵ بــەکاری بهێنــێ، بەرانبــەر بــەو ستەمە ژن دوو ڕێگــەی لــە بەردەمــە: ملکەچکــردن یــان یاخیبــوون. ئــەم دووانــەش هەریەکەیــان باجــی خــۆی هەیــە، لــە دۆخــی یەکەمــدا ژن دەبێتــە کۆیلــە و بێدەنگیــی بەســەردا دەســەپێنرێ و دەبــێ بــە هەمــوو جــەور و ســتەمێکی پیــاو ڕازیبێــت، لــە دۆخــی دووەمــدا دەبــێ لــەو سیســتم و بیــرە ســەپێنراوە یاخــی ببێــت و بــۆ ئەمــەش ئامــادە بێــت هەمــوو قوربانییــەک بــدات. ڕۆمانــی "ســێبەری درۆ" ئــەو دوو دۆخــە لــە ڕێــی دوو کارەکتــەری ژنــەوە پیشــان دەدات: بەفریــن، ئاشــنا. یەکەمیــان کچێکــی ڕۆشــنبیری یاخییــە و گــوێ بــەو یاســا و ڕێســا کۆنانــە نــادات و بــەدوای ئــازادی و ســەربەخۆیی خــۆی دەکــەوێ، دووەمیشــیان ســەرەڕای ســتەم و ئازارەکانــی ژیانــی هاوســەری، خــۆی بــە ناچــار دەزانــێ کــە ملکەچــی دەســەڵاتەکانی پیــاو ببێــت، تەنانــەت لــە حاڵەتــی بێوەفایــی و خۆپەرســتیی پیاوەکەیــدا.

**گرنگیی توێژینەوە**

لــە ڕێــی لێکدانــەوە و شــیکردنەوەی ئــەم بابەتــەوە، دەمانــەوێ ئــەوە پیشــان بدەیــن کــە هۆشــیاریی تــاک ڕۆڵێکــی گرنــگ لــە دیاریکردنــی هەڵوێســتی مرۆڤــدا دەگێــڕێ و دەبێتــە هاندەرێــک بــۆ ئــەوەی بــە ئاســانی بــۆ ســتەم و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتــی مــل کــەچ نــەکات و لــەم پێناوەشــدا عەقــڵ بکاتــە ڕێپیشــاندەر و بــە ئاســانی فریــو نەخــوات و بــە هــۆی درۆکانــی بەرانبــەرەوە، واتــە ئــەوی تــر، نەکەوێتــە هەڵــەوە و خــۆی بدۆڕێنێــت.

**کێشەی توێژینەوە**

لــەم توێژینەوەیــەدا دەمانــەوێ ئــەوە ســاغ بکەینــەوە کــە ئایــا ئــەم ڕۆمانــە دەچێتــە خانــەی ڕۆمانــی ژنانــە (فێمینیزمــی) ەوە؟ هەروەهــا بنەماکانــی ئــەو ڕۆمانــەی لــە ڕووی هــزری و هونەرییــەوە تێــدا پەیــڕەو کــراوە؟ تــەواوی توێژینەوەکــە کار بــۆ ســەلماندنی ئــەو گریمانانــە دەکات.

**میتۆدی توێژینەوە**

بــۆ نووســینی ئــەم توێژینەوەیــە ســوودمان لــە ڕەخنــەی "فێمینیســتی" وەرگرتــووە و بــە گوێــرەی پێویســتییەکانی توێژینەوەکــە ســوودمان لــە میتــۆدی دەروونــی وەرگرتــووە بــۆ شــیکردنەوەی بــاری دەروونیــی کارەکتــەرەکان و پەیوەندییــان لەگــەڵ یــەک و کاریگەریــی ڕووداوەکان لــە ســەریان، بــە تایبەتــی لــەو کاتانــەدا کــە ڕووداوەکان دەبنــە هــۆکار بــۆ دروســتبوونی قەیــران و شــڵەژانی دەروونــی لای ئــەوان.

**پلانی توێژینەوە**

ئــەم توێژینەوەیــە لــە ســێ تــەوەر پێــک دێــت: یەکەمیــان بــۆ باســکردنی چەمکــی نێرســالاری لــە ڕوانگــەی ڕەخنــەی فێمینیــزم، دووەمیــان بــۆ باســکردنی یاخیبوونــی کارەکتــەری ژن لــە سیســتمی نێرســالاری، ســێیەمیان بــۆ لێدانــی تابــۆکان و ئاشــکراکردنی درۆکانــی پیــاو لــە ڕۆمانــی "ســێبەری درۆ"دا تەرخــان کــراوە.

لــە کۆتایــی توێژینەوەکــەدا گرنگتریــن ئەنجــام و پوختــە بــە هــەردوو زمانــی عەرەبــی و ئینگلیــزی لەگــەڵ لیســتی ســەرچاوەکان خراونەتــە بــەر چــاو.

**تــەوەری یەکــەم: چەمکــی نێرســالاری لــە ڕوانگــەی ڕەخنــەی فێمینیزمییــەوە**

نێرســالاری وەک چەمــک و وەک دەســەڵات و وەک هــزر، زۆر کۆنــە و بــۆ ئــەو ســەردەمانە دەگەڕێتــەوە کــە ڕۆڵــی پیــاو و ژن لــە ســەر بناغەیەکــی بایۆلــۆژی دابــەش کــرا و پیــاو کــە هێــمای هێــز بــووە، ســەرۆکی خێــزان و ئەرکــی دابینکردنــی بژێویــی خێزانــی پــێ ســپێردرا و بــە هــۆی ئەمەشــەوە ژن کەوتــە مــاڵ و ئەرکــی بــەوە دیــاری کــرا کــە منــداڵ بخاتــەوە و چاودێرییــان بــکات و هەروەهــا ڕۆڵــی هاوســەری لــە گــەڵ مێردەکەیــدا بگێڕێــت. هــەر لــە ســەر ئــەم بناغەیــەش، زاراوەی باوکســالاری هاتووەتــە ئــاراوە.

دەربــارەی پێناســـەی ئــەم زاراوەیــە گوتــراوە: "زاراوەی 'باوکســالاری'[١] ئامــاژە بــۆ پەیوەندییــەک دەکات کــە لــە چوارچێوەیــدا بەرژەوەندییەکانــی ژن ملکەچــی بەرژەوەندییەکانــی پیــاو دەکرێــت. ئــەم پەیوەندییــەش وێنــەی جۆراوجــۆری وەرگرتــووە، بــە دەســتپێک لــە دابەشــکردنی کار لــە ســەر بناغــەی ڕەگــەز و ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتیی پرۆســەی منداڵخســتنەوە تــا دەگاتــە ئــەو پێــوەرە ناوەکییانــەی ژن پێــی دەژی. دەســەڵاتی باوکســالاری پشــت بــەو مانــا کۆمەڵایەتییــە دەبەســتێ کــە بــە جیاوازیــی ڕەگــەز لــە ســەر بنەمایەکــی بایۆلــۆژی بەخــشراوە (چامپــل: ٢٠٠٢، ص٢٢).

هەنــدێ لــەو توێــژەرە فێمینیســتانەی کەوتوونەتــە ژێــر کاریگەریــی هــزری مارکســییەوە، مێــژووی دامەزراندنــی دەســەڵاتی نێرســالاری دەگێڕنــەوە بــۆ ســەرەتاکانی ژیانــی مرۆڤایەتــی و بڕوایــان بەوەیــە کــە ئــەم دەســەڵاتە لــە ئەنجامــی کودەتایەکــی مێژووییــەوە بەرپــا بــووە کــە پیــاوی کردووەتــە خاوەنــی دەســەڵات لــە کۆمەڵگــە و خێزانــدا. ئــەو توێژەرانــە دەڵێــن: "باڵادەستیی نێــر بەســەر مێــدا لــە ئەنجامــی جەنگێکــەوە بــووە کــە لــە ســەردەمە کۆنەکانــدا ڕووی داوە کاتــێ هەمــوو کۆمەڵگــەکان دایکانــە بــووە (ماتریارکــی - Matriarchy) و ژن دەســتی بەســەردا گرتبــوو، بــڕوای بــە خواوەندێکــی مێینــە هەبــووە و ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتییــش ســیفەتێکی مێینــەی هەبــووە، پاشــان نێــرەکان دەســتیان بەســەردا گــرت و کۆمەڵگەیەکیــان لــە ســەر بنەمــای ململانێ و چــەک و داگیــرکاری دامەزرانــد و هەمــوو مێــژوو وای لــێ هــات بــە دەوری یــەک ســەنتەردا بخولێتــەوە ئەویــش پیــاو بــوو، ئــەم کۆمەڵگــە باوکانەیــەش بــە "پەتریرکــی" (Patriarchl) نــاسرا (صالــح: ٢٠١٤، ص٩٨ـ ٩٩). لــە ســەر بناغــەی ئــەو بۆچوونــە کــە لــە "ئەنگڵــز"ی هاوبیــر و هاوخەباتــی "کارڵ مارکــس" لــە پەرتووکــی "بنەچــەی خێــزان و موڵکیەتــی تایبەتــی و دەوڵــەت" بــە کەمــێ دەســتکارییەوە وەرگیــراوە، مارکســییەکان بڕوایــان بــەوە بــووە کــە مێــژووی یەکــەم چەوســانەوەی چینایەتــی بــۆ ئــەو کاتــە دەگەڕێتــەوە کــە پیــاو ژنــی چەوســاندووەتەوە و تەنیــا ڕێگــەش بــۆ نەمانــی ئــەو چەوســانەوەیە نەمانــی موڵکیەتــی تایبەتــە، ئــەوەش بــە ســەرکەوتنی چینــی پرۆلیتاریــا دێتــە دی. ئــەم بۆچوونــەش لــە لایــەن بەشــێک لــە ڕابــەران و بیرمەندانــی بزووتنــەوەی فێمینیســتییەوە پشــتگیریی لــێ کــراوە. لــەم بارەیــەوە "شــولامیت فایرســتۆن" جیاوازیــی جەنــدەری دەداتــە پــاڵ جیاوازیــی چینایەتــی و ئەمــەش بــە بناغــەی ئــەو جیاکارییــە دەزانــێ و بــڕوای بەوەیــە کــە مارکسـیزم چارەیەکــی بنەڕەتــی و گونجــاوی بــۆ ئــەو کێشــەیە دۆزیوەتــەوە و دەڵــێ: "کــە پرۆلیتاریــا دەســت بەســەر ئامرازەکانــی بەرهەمهێنانــدا بگــرێ، دەســەڵاتی دەوڵــەت پاشەکشــە دەکات و چیــتر ڕۆڵــی نامێنــێ لــە ســەرکوتکردنی چینەکانــی خــوارەوە لــە بەرژەوەندیــی چینەکانــی ســەرەوە و بەرژەوەندیــی تاکێــک لــە کۆمەڵگەیەکــی ناچینایەتیــدا هاوتــای بەرژەوەندیــی کــۆی کۆمەڵگــە دەبــێ" (بڕوانــە: فایرســتون: ٢٠١٩، ص١٦).

لــە نــاو بەشــێک لــە ڕابــەران و بیرمەندانــی بزووتنــەوەی فێمینیســتیدا، ڕەخنــە لــەو بۆچوونــە مارکســییانە دەگیــرێ و فاکتــەری ئابــووری بــە تەنیــا هــۆکاری چەوســانەوەی ژن نازانــن، ئەگەرچــی لــە هەمــان کاتــدا گرنگیــی ئــەو فاکتــەرە فەرامــۆش ناکــەن. ئــەوان لــەو بڕوایــەدان وەک چــۆن ژنــی ســەر بــە چینەکانــی خــوارەوەی کۆمەڵگــە لــە لایــەن پیاوەکانیانــەوە دەچەوســێنەوە و تەنیــا وەک جەســتە و ســێکس تەماشــایان دەکــەن و ڕۆڵیــان تەنیــا خزمەتــی مــاڵ و مناڵــە بــێ ئــەوەی مافــی بڕیــاری چارەنووســی خۆیــان بەدەســت بــێ، بــە هەمــان شــێوە ژنــی ســەر بــە چینەکانــی ســەرەوەی کۆمەڵگــەش لــە لایــەن مێردەکانیانــەوە ڕووبــەڕووی هەمــان چەوســانەوەی سێکســی و کۆمەڵایەتــی دەبنــەوە و لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا ئامێرێکــن بــۆ تێرکردنــی حــەزی سێکســیی پیاوەکانیــان و باشــترین ڕۆڵیــان ئەوەیــە لــە ماڵــەوە خزمەتــی مــاڵ و منــداڵ بکــەن بــێ ئــەوەی مافــی موڵکایەتییــان هەبــێ، یــان ئازادیــی ئەوەیــان هەبــێ حەزەکانــی خۆیــان بــەدی بهێنــن و وەک پیــاو بەشــدار بــن لــە دارشــتنی چارەنووســی خۆیــان و منداڵەکانیانــدا،

---

١. ئێمــە لــەم توێژینەوەیــەدا زاراوەی نێرســالاری بــە پەســەندتر دەزانیــن لــە زاراوەی باوکســالاری، چونکــە پێمان وایــە تەنیا بــاوک ڕۆڵــی نییــە لــە ســتەمکردن بەرانبــەر بــە ژن، بەڵکــوو گەلێــک جــار بــرا و مــام و خــاڵ و ئامــۆزا و مێــرد هەمــان ڕۆڵ دەبینــن لــە چەوساندنەوەی مێــدا، هەنــدێ جاریــش ژن، بــە تایبەتــی ئەوانــەی "نێرەژنیــان" پــێ دەگوتــرێ، دەتوانــن هەمــان ســتەم لــە هاوڕەگەزەکانیــان بکــەن، بــە نموونــەی دایکــی بەفریــن کــە لــەم ڕۆمانــەدا وەک نێرێــک بیــر دەکاتــەوە و ســتەم لــە کچەکــەی خــۆی دەکات. هەروەهــا بــە بــڕوای ئێمــە باوکســالاری بەشــێکە لــە سیســتمی نێرســالاری.

ئەگەرچـی لـە ڕووی هەنـدێ دەسـتکەوتی ماددییـەوە، وەک خۆشـگوزەرانی یـان ئاسـتی بژێـوی، لـە ژنانـی چینەکانـی خـوارەوە دۆخـی ژیانیـان باشـتر بـێ. ئەوەتانـێ "سـیمۆن دی بۆڤـوار" لـە پەرتووکـی "ڕەگـەزی دووەم"دا کـە لـە نێـو فێمینیسـتەکاندا وەک ئینجیلێـک تەماشـا دەکـرێ، ڕەخنـە لـە ماتریالیزمـی مێژوویـی مارکـس دەگـرێ و بـڕوای بەوەیـە کـە پیـاو و ژن چەنـد بوونەوەرێکـی ئابـووری نیـن و دەڵێـت: "ناتوانیـن ئـەو پەیوەندییـەی ژن بـە منداڵـەوە دەبەسـتێ بـۆ هـەر پەیوەندییەکـی تـری بگێڕینـەوە. داواکردنـی هەمـوو مافـەکان و هەمـوو دەرفەتەکانـی بوونەوەرێکـی مرۆیـی، مانـای ئـەوە نییـە چـاو لـە دۆخـی تایبەتیـی ئـەو بنوقێنیـن. لـە پێنـاو زانینـی ئـەم پەیوەندییـەش دەبـێ ماتریالیزمـی مێژوویـی تێپەڕێنیـن کـە ژن و پیـاو تەنیـا وەک چەنـد بوونەوەرێکـی ئابـووری دەبینـێ" (دی بوڤـوار: ٢٠١٧، ص٣٧). لێـرەدا سـیمۆن دی بۆڤـوار لـە ڕوانگـەی مافـی سێکسـیی ژنـەوە ڕەخنـە لـە هـزری مارکـس و مارکسـییەکان دەگـرێ، چونکـە بـەلای ئـەوەوە ئازادیـی جەسـتە و لەوانـەش ئازادیـی بەکارهێنانـی لـە ڕووی سێکسـییەوە بـە بەشـێک لـە مافەکانـی ژن دەزانـێ کـە سیسـتمی نێرسـالاری ئـەو بەکارهێنانـەی بـۆ پیـاو قـۆرخ کـردووە و سـەرپێچیلێکردنی، بـە پێـی دابونەریـت و هـزری کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـەی نێرسـالاری، ژن ڕووبـەڕووی سـزای یاسایی و کۆمەڵایەتـی دەکاتـەوە کـە لـە بناغـەدا خـودی پیـاو ئـەو یاساوڕێسـایانەی داڕشـتووە و لـە چوارچێوەیەکـی یاسـایی دانپێدانـراودا بەسـەر ژنیـدا سـەپاندووە.

لـە هـزری مارکسـیدا کێشـەی ژن وەک خودێـک جیـا لـە پەیوەندیـی ئـەو کێشـەیە لەگـەڵ کـۆی کێشـەکانی کۆمەڵگـەدا، بـە کێشـەیەکی لاوەکـی دانـراوە، چونکـە ئـەوان لـە سـۆنگەی تێڕوانینـی خۆیانـەوە ئازادیـی ژن بـە بەشـێکی جیانەکـراوە لـە ئازادیـی کـۆی کۆمەڵگـە دەزانـن. ئـەم تێڕوانینـەش بووەتـە مایـەی ڕەخنەلێگرتـن لـە تیـۆری فێمینیسـتیدا و "جاکلیـن ڕۆز" لـە وتارێکـدا بـە نـاوی "مێینایەتـی و سـەخڵەتییەکانی"، ڕەخنـە لـەو بۆچوونـە مارکسـییانە دەگـرێ و دەڵـێ: ئـەو مارکسـییانە خودێتییـان وەک کێشـەکە پشـتگوێ خسـتووە، بڕوایـان بـەوە بـوو تەکـەز خسـتنە سـەر پێداویسـتییە خودییـەکان کۆمەڵـێ مەترسـیی گـەورە لـە خـۆی دەگـرێ و بـەرەو تاکخوازییەکـی تەسـک دەڕوات، لـە کاتێکـدا پێویسـتە لـە پێنـاو گۆڕانـی سیاسـیدا هێـزە شۆڕشـگێڕەکان لـە باتیـی ئـەوە؛ زیاتـر بایـەخ بـە ململانـێ کۆمەڵایەتییـەکان بـدەن (بڕوانـە: بریسـتو: ٢٠٠٧، ص١٨٣).

بزووتنـەوەی فێمینیسـتی دژی هەمـوو ئـەو بۆچوونانـە وەسـتاوە کـە ژن لـە پیـاو بـە کەمتر دەزانـن و لـەو بڕوایـەدان ئـەو بۆچوونانـە دەچنـە خانـەی گوزارشـتکردن لـە سیسـتم و عەقڵیەتـی نێرسـالاری کـە هەمـوو دەزگایەکـی ئایدیۆلـۆژی و زانسـتی و مەعریفیـی تەرخـان کـردووە بـۆ سـەرکوتکردنی ژنـان. دەروونناسـییش وەک زانسـتێک کەوتووەتـە بـەر ڕەخنـەی هەنـدێ لـە ڕابـەران و توێـژەران و نووسـەرانی ئەوانـەوە، کـە دەڵێـم هەنـدێ لـەوان، چونکـە کەسـانی تریـان هەیـە کـە داکۆکیـی لـە شـیکردنەوە دەروونییەکانـی فرۆیـد کـردووە و هەروەهـا لـە نووسـیندا سـوودیان لـە هەنـدی بۆچوونـی ژاک لاکان وەرگرتـووە.

فرۆیـد بـەوە تاوانبـار کـراوە گوایـە پشـتگیریی لـە باڵادەسـتیی نێـر کـردووە، کاتـێ گوتوویەتـی کـچ ئیرەیـی بـە چووکـی کـوڕ دەبـات و بـە هـۆی ئـەوەی کـە هەسـت دەکات لـە منداڵیـدا خەسـێنراوە، بۆیـە تـا مـاوە بەرانبـەر بـە کـوڕ یـان پیـاو هەسـت بـە خۆکەمزانیـن دەکات و خۆزگـە دەخـوازێ کـوڕ بووایـە و وەکـوو ئـەو چووکـی هەبایـە بـۆ ئـەوەی بـە چاوێکـی کـەم تەماشـا نەکـرێ و لـە نـاو خێزانـدا وەک کـوڕ ڕێـزی لـێ بگیرایـە و شـانازیی پێـوە بکرابایـە.

تیـۆری خەسـاندنی ژن و ئیرەییبردنـی بـە پیـاو یەکێکـە لـەو چەمکـە فرۆیدییانـەی کـە بـە توندی لـە لایـەن فێمینیسـتەکانەوە ڕەت کراوەتـەوە. ڕەخنەگرتـن لـە تیۆرەکـەی فرۆیـد وەک "سـارە چامپـڵ" دەڵـێ: ئاڵنگارییـەک بـوو بـۆ ئـەو بۆچوونـەی کـە بـووە مایـەی گفتوگۆیەکـی زۆر دەربـارەی ناسـنامەی مێینایەتـی کـە بـەلای ئـەوەوە بـە نەرێنـی دەناسرێتـەوە، بـە تایبەتـی هەسـتکردن بـە ئیرەیـی لـە ئەندامـی نێرینـە و بـە بـڕوای فرۆیـد ژن تـا مـاوە لـە ژیانـدا هەسـت بـەوە دەکات خاوەنـی ناسـنامەیەکی نزمـە و لـە لایەنـی جەسـتەییەوە نوقسـتانە (بڕوانـە: چامبـل: ٢٠٠٢، ص٢٤٦).

لـە بـواری توێژینـەوەی ئەکادیمیـی کوردیـدا، "سـومەیە

نەجیــب" یەکێکــە لــەو توێژەرانــەی پێشــڕەو بــووە لــە باســکردنی کێشــەی ئافــرەت لــە ڕوانگــەی فێمینیســتییەوە و نامــەی ماســتەرەکەی کــە بــە نــاوی "ئافــرەت لــە ڕۆمانــی ئافرەتانــی کــورددا" بــووە، بوێرانــە و وردکارانــە کاری لــە ســەر ئــەم بابەتــە کــردووە. لــە شــیکردنەوەی بۆچوونێکــی "ڤێرجینیــا وەڵــف"ی ڕۆماننــووس کــە لــە هەمــان کاتــدا وەک فێمینیســتێک داکۆکیــی لــە مافــی یەکســانیی ژن و پیــاو کــردووە و بابەتــی جیــاوازی نێــوان ئــەو دوو ڕەگــەزەی گەڕاندووەتــەوە بــۆ هــۆکارە کۆمەڵایەتییــەکان نــەک لایەنــی بایۆلــۆژی کــە فرۆیــد پێداگریــی لــە ســەر کــردووە و دەڵــێ: "لێــرەدا وەڵــف بەرپەرچیــی ئــەو بۆچوونانــە دەداتــەوە کــە پێیــان وایــە جیاوازیــی نێــوان ئافــرەت و پیــاو بــە هــۆی سروشــتی بایۆلۆژییــەوە بێــت، بەڵکــوو لــە ڕاســتیدا جیاوازییــە بایۆلۆژییــەکان لــە نرخــی ئافــرەت کــەم ناکەنــەوە، بەڵکــوو تایبەتمەندیــی ئافــرەت دەنوێنــن. ئــەوەی کــە جیاوازیــی دروســت کــردووە، کۆمەڵگــە و دابونەریتــە نــەک سروشــتی بایۆلۆژیــی ئافــرەت" (خەلیــل: ٢٠١٠، ل٢٠).

لــە بــواری شــیکاریی دەروونیــدا، بــە هەمــان شــێوەی فێمینیســتەکان ڕەخنــە لــە چەمکــی خەســاندنی ژن گیــراوە کــە فرۆیــد هەوڵــی ســەلماندنی داوە. لــەم بارەیــەوە ئــەوە خراوەتــە ڕوو کــە ئــەم بۆچوونــەی فرۆیــد دەچێتــە خانــەی دووپاتکردنــەوەی دونیەتــی ژنــەوە. ئــەم جــۆرە بۆچوونەیــان وەک جێگیرکردنــێ بــۆ چەوســانەوەی ژن لەقەڵــەم داوە. یەکێــک لــەو پســپۆڕانەی بــواری دەروونشــیکاری "د. مســتەفا حیجازی"یــە کــە بــڕوای بەوەیــە "گرێــی خەســاندن یــان نەبوونــی چــووک و ئــارەزووی بەدەســتهێنانی ئــەو ئەندامــەی پیــاو و باســکردنی ئــەوەی گوایــە ژن ئیرەیــی بــە پیــاو دەبــات و ئەمــەش بووەتــە هــۆکاری ئــەوەی ژن هەســت بــە کەموکورتــی بــکات لــە بەرانبــەر پیــاودا، ئــەم تیۆرانــەش ڕۆڵیــان هەبــووە لــە جێگیرکردنــی چەوســانەوەی ژن لــە ڕووی جەســتەیی و مەعنەوییــەوە، ڕۆڵیــان هەبــووە لــە خەســاندنی زەینــی ژن و ملدانیــان بــۆ ئــەوەی کــە کەســانێکی کەمئیــرادەن" (حجــازي: ٢٠٠١، ص٢١٨).

لــە بەرانبــەر ئــەو ڕەخنانــەی کــە لــە فرۆیــد گیــراوە، کەسانێکی وەک "جۆلیــت میچێڵ"یــش کــە خــۆی نووســەرێکی فێمینیســتیی نــاودارە، لــە پەرتووکــی "شــیکردنەوەی دەروونــی و فێمینیــزم: فرۆیــد، ڕایــش، لاینــگ و ژنــان"دا، ڕەخنەیەکــی تونــد لــە بۆچوونــی هەنــدێ لــە ڕابەرانــی بزوتنــەوەی فیمینیزمــی هاوچــەرخ دەگرێــت، لەوانــە: بیتــی فریــدان، شــولامیت فایرســتۆن، ئیڤــا فایگــز و بــە شــێوەیەکی زۆرتــر و ڕوونــتر کیــت میلیــت و پێــی وایــە ئــەوان لــە فرۆیــد تێنەگەیشــتوون و نەیانزانیــوە ئــەو هەوڵــی داوە وێنــەی ژن لــە ڕوانگــەی کۆمەڵگــەی نێرســالارییەوە پیشــان بــدات و دەڵێــت: فرۆیــد نەیگوتــووە ژن لــە ڕووی بایۆلۆژییــەوە لــە پیــاو نزمــترە، بەڵکــوو شــیکردنەوەیەکی زانســتیی بــۆ پرۆســەی پێکهاتنــی وێنــەی ژن لــە کۆمەڵگــەی باوکســالاریدا پێشــکەش کــردووە. هەروهــا تیۆرەکــەی فرۆیــد لــە بنەڕەتــدا داکۆکــی لــەو کۆمەڵگەیــە نــاکات (بڕوانــە: چامبــل: ٢٠٠٢، ص٢٥٢-٢٥٣).

یەکێکــی دیکــە لــە زانایانــی بــواری شــیکاریی دەروونــی کــە ژاک لاکانــە، لــە لایــەن فێمینیســتەکانەوە بــە دوو شــێوەی پێچەوانــە باســی بۆچوونەکانــی دەربــارەی جیاوازیــی بایۆلــۆژی نێــوان ژن و پیــاو کــراوە. "لوســی ئیریــگاری" ڕەخنــە لــە فەلســەفەی نێرایەتیــی ڕۆژئاوایــی دەگــرێ و ئــەو هەڵەیــە ئاشــکرا دەکات کــە دەروونناســی دەربــارەی قۆناغــی دووەمــی گەشــەکردنی منداڵــی کــچ خســتوویەتیە ڕوو، لەمەشــدا بــە پێچەوانــەی لاکانــەوە دەڕوانێتــە کــچ، چونکــە لاکان لەگــەڵ هەمــان بۆچوونــی فرۆیــدە ســەبارەت بــەوەی کــە کاتــێ کــچ بــۆی دەردەکــەوێ وەک کــوڕ چووکــی نییــە، ئیــتر لــەو قۆناغــەدا گیــرۆدەی ئیرەیــی چــووک دەبــێ و وا دەزانــێ ئەمیــش چووکــی هەبــووە، بــەڵام لێــی ســەنراوەتەوە، یــان ئەمیــش میتکــەی خــۆی بــە چووکێکــی بچــووک دەزانــێ و لەوانەیــە لەگــەڵ گەشــەکردنی جەســتەیدا قەبارەکــەی گەورەتــر ببێــت. ئیریــگاری بــڕوای وایــە لــەم قۆناغــەدا کچ لەگــەڵ کــوڕ جیــاوازە. خەیاڵــی خــۆی لــە خــودی خــۆی جیــا دەکاتــەوە و "مــن" بــەکار دەهێنــێ بــۆ گوزارشــتکردن لــە خــۆی و ئەوانــی تــر. لــە بــەر ئــەوە ئیریــگاری ڕەخنــە لــە ڕۆشــنبیریی ڕۆژئاوایــی دەگــرێ کــە لــە ڕوانگەیەکــی نێرانــەوە دەڕوانێتــە ناســنامەی ژن و بەکەســێکی ناتــەواوی دادەنــێ و تەنیــا ڕۆڵــی دایکایەتیــی پــێ ڕەوا دەبینــێ (بڕوانــە: براهمــة: ٢٠١٩، ص٤٧-٤٨).

لــە لایەکــی تــرەوە بــۆ لێدانــی چەمکــی چووکســەنتەری کــە فرۆیــد لــە کــۆی کارەکانیــدا هەوڵــی چەســپاندنی بــۆ دەدا،

کـە ئەمـەش خۆیلەخۆیـدا پشـتگیرییە بـۆ چەمکـی نێرسـالاری، دەبینیـن هەنـدێ لـە فێمینیسـتە فەڕەنسییەکان وەک "سـومەیە نەجیـب" دەڵێـت: سـوودیان لـە بۆچوونەکانـی ژاک لاکان وەرگرتـووە کـە پێچەوانـەی نێرسـەنتەرییە لـە بۆچوونەکانـی فرۆیـددا، چونکـە ئەوانـەی لـە ژێـر کاریگەریـی سیسـتمی ڕۆشـنبیریی نێرسـالاریدان، زۆر جـار پەنـا بـۆ بۆچوونەکانـی فرۆیـد دەبـەن بـۆ ئـەوەی لـە نـرخ و بەهـای تواناکانـی داهێنانـی ژنـان کـەم بکەنـەوە (بڕوانـە: خلیـل: ٢٠١٠، ل٢٥).

تـەوەری دووەم: یاخیبوونـی کارەکتـەری ژن لـە سیسـتمی نێرسـالاری لـە ڕۆمانـی "سـێبەری درۆ"دا، لـەم دەقـەدا خۆمـان لـە بەرانبـەر بابەتێـک دەبینینـەوە کـە باسـی چۆنیەتیـی تێڕوانینـی ژن دەکات لـە کۆمەڵگەیەکـی نێرسـالاریدا. بـۆ ئەمـەش ڕۆماننـووس چەنـد ژن و پیاوێـک دەکاتـە بکـەری ڕووداوەکان و لـە ڕێـی تێڕوانینـی ئەوانـەوە دەیـەوێ وێنـەی کۆمەڵگـەی کارەکتـەرەکان پیشـانی خوێنـەر بـدات، کـە ئەویـش کۆمەڵگـەی کـوردە لـە باشـووری کوردسـتان. زەمەنـی ڕووداوەکانیـش ئـەو کاتـە دەگرێتـەوە کـە داعـش هێـرش دەکاتـە سـەر ناوچـەی شـەنگال و ڕۆژئـاوای کوردسـتان و ڕۆژانـە لـە ڕێـی هەواڵەکانـەوە باسـی دڕەندەیـی ئـەو گرووپـە دەکـرێ و بـە کورتـی کارەکتـەرەکان لـە نێـو خۆیانـدا گفتوگـۆ لـەو بارەیـەوە دەکـەن. ڕاسـتە لـەم ڕۆمانـەدا ڕووبەرێکـی گـەورە بـۆ باسـکردنی ئـەو شـەڕ و کوشـتارە تەرخـان نەکـراوە، بـەڵام خـودی ئـەو ڕووداوە کاریگەرییەکـی گـەورەی لـە سـەر بـاری دەروونیـی هەنـدێ لـە کارەکتـەرەکان هەبـووە و بووەتـە یەکێـک لـەو فاکتەرانـەی ئـەوان هەسـت بـە مەترسـی لـە سـەر ژیانیـان بکـەن و تووشـی شـڵەژانی دەروونـی بـبن. یەکێـک لـەو کارەکتەرانـە "بەفریـن"ە کـە لـە هەمـان کاتـدا کارەکتـەری سـەرەکیی ڕۆمانەکەیـە. بەفریـن کـە لـەم ڕۆمانـەدا کەسـێکی ڕۆشـنبیرە، ڕۆژانـە بەسـەرهات و ڕووداوەکانـی ژیانـی خـۆی لـە دەفتەرێکـدا یاداشـت دەکات. لـە بـارەی ئـەم ڕووداوەوە دەنووسـێت: "مـن بـە هەواڵـی کوشـتنی ژنێـک یاخـود منداڵێـک، مێشـکم هاوشـێوەی دەرگایەکـی ئاسـنینی کۆنـی ژەنـگاوی دادەخـرا و لـە بنـەوە قفـڵ دەدرا. زۆر سـەخت بـوو تـا دەمتوانـی جارێکـی دیکـە بیکەمـەوە. تـا ماوەیەکـی دوورودرێـژ نەدەهاتمـەوە سـەر خـۆم، بـە تایبەتـی ئـەم ماوەیـەی دوایـی، لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـەڕی داعـش و ئـەو تاوانـە گەورەیـەی دەرهـەق بـە کوردەکانـی شـنگال و ڕۆژئـاوای کوردسـتان ئەنجـام دەدرا، مـن هەمـوو ئـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـەی بەشـدار بـووم تێیانـدا وەک فەیسـبوک و تویتـەر و...؛ دامخسـتن، چونکـە ئەوەنـدەی دیکـە بارودۆخـی دەروونیـم پێـی تێـک دەچـوو" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٣٣). هـەر ئـەم ڕووداوە هۆکارێکـی دیکـە بـوو بـۆ ئـەوەی وڵات جـێ بهێڵـێ و ڕوو لـە هەنـدەران بـکات. لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ چـۆن ئـەم ڕۆمانـە دەیـەوێ لـە پـاڵ سـتەمە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـەی نێرسـالاریدا، باسـی ئـەو دۆخـەش بـکات کـە لـەو کۆمەڵگەیـەدا ڕوو دەدات، ئەمـەش سـیفەتی کۆمەڵایەتیـی ئـەم ڕۆمانـە پیشـان دەدات و ئـەوە دووبـات دەکاتـەوە وەک باختیـن دەڵـێ: "هەمـوو کارێکـی ئەدەبـی بـە زەرورەت کۆمەڵایەتییـە، ئـەو کۆمەڵایەتییـەش ناوەکییـە و بـە قووڵـی لـە بەرهەمەکـەدا هەڵکۆڵینـی بـۆ کـراوە" (غانـم: ٢٠١٩، ص٦٤).

نووسـەری ئـەم ڕۆمانـە بـۆ ناسـاندنی کارەکتـەرەکان و پێشکەشـکردنی ڕووداوەکان کـە دەبنـە هـۆی یاخیبوونـی بەفریـن و ملکەچبوونـی ئاشـنای هاوڕێـی بـۆ بنەمـا سـەرکوتکەرەکانی نێرسـالاری و هەروەهـا دەبنـە هـۆکاری ڕامالینـی ماسـک لـە ڕووی درۆزنانـەی پیـاوان بـە نموونـەی یـادگار، لـە ڕووی هونەرییـەوە دوو شـێوازی گێڕانـەوەی بـەکار هێنـاوە: یەکەمیـان شـێوازی گێڕانـەوەی خـودی و دووەمیـان شـێوازی گێڕانـەوەی بابەتـی. لـە یەکەمیانـدا جێنـاوی "مـن"ی کەسـی یەکەمـی تـاک بـەکار هاتـووە و لـە دووەمیانـدا جێنـاوی "ئـەو"ی کەسـی سـێیەمی نادیـار کـە ناسراوە بـە "وەگێـڕ[٢]"ی هەمووشـتزان. لـە باسـی بەکارهێنانـی ئـەم دوو جـۆرە جێنـاو و وەرگێـڕەدا خۆمـان لـە بـەردەم دوو بۆچوونـدا دەبینینـەوە: یەکەمیـان لـە ڕوانگەیەکـی فێمنیسـتییەوە

٢. هەمان ئەم زاراوەیە لە توێژینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی دەڤەری بەهدینان بەکار هاتووە و ئەوان کردوویانە بە ''ڤەگێر''، چونکە پیتی ''و'' لە لای ئەوان دەبێت بە ''ڤ''، بۆیە منیش شێوە سۆرانییەکەیم لێرەدا بە پەسەند زانیوە و بەکارم هێناوە. بە بۆچوونی ئێمە، لە زاراوەی ''حیکایەتخوان'' و زاراوەی ''گێڕەرەوە'' باشتر و ئاسانتر و زانستیترە.

تەماشای دەکا و لێکدانەوەی بۆ دەکات و دەڵێ: "گواستنەوە لە قسەکەرەوە بۆ نادیار و بەکارهێنانی جێناوەکانی گێڕانەوە بە نۆرەیی، بەڵگەیە بۆ ئارەزووی مێ کە حەز دەکات خودی خۆی و ئەوانی دیکەی دەوروبەری ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی ئامادە بێ لەگەڵ نادیار و قسەکەر بێ لەگەڵ گوتار و چاوی لەوە بێ پەی بە ناخی ئاڵۆزی خۆی ببات کە ئاوێتەی ئەو ئاڵنگاریيانەی بووە ژیانی لێ سەخڵەت کردووە" (هناوي: ٢٠١٦، ص١٤٢). بۆچوونی دووەم لەگەڵ بەکارهێنانی جێناوی "ئەو"دا نییە و بە ئامرازێکی گێڕانەوەی پیاوانی دەزانێ و پێی باشترە بۆ گوزراشتکردن لە ژیانی تایبەتی و دەروونیی ژن؛ پەنا بۆ جێناوی "من" ببرێ و دەڵێ: "هەڵبژاردنی ئەم جێناوە لە گێڕانەوەی فێمینیستیدا ئاڵنگاری و یاخیبوونە و ژن دەیەوێ لە ڕێی ئەوەوە لە بازنەی پەراوێزخستن و بەلاوەنان دەربچێت، بۆ ئەوەی بە ڕوونی و بە ئاشکرا گوزارشت لە خۆی بکات لە کۆمەڵگەیەکدا ژن سەرکوت دەکات و دەنگی بە عەیبە دەزانێ (...). هەوڵی سەلماندنی خود و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوی دیکە ئەگەر پیاو بێ یان کۆمەڵگە، یان هەر شتێکی دیکە، وای کردووە ژن لەوە لا بدات کە لە گێڕانەوەی پیاواندا باوە، بۆ ئەوەی لە بازنەی 'ئەو' دەربچێ و ڕوو لە بازنەی 'من' بکات" (وهابي: ٢٠١٦، ص٤٤). بەڵام بەلای ئێمەوە جێناوەکان دەتوانن هەمان ڕۆڵ لە باسکردنی خودی کارەکتەرە ژن و پیاوەکاندا بگێڕن بێ ئەوەی جۆری جێناو ڕێگر بێ لە بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە. ڕۆماننووس دەتوانێ هەر جێناوێک بەکار بهێنێ بۆ باسکردنی ڕابردوو و ئێستا و لایەنە شاراوەکانی کارەکتەر، بە مەرجێک بزانێ چۆن ئەو کارە بکات.

لە ڕۆمانی سنووری باسەکەماندا ڕۆماننووس سەرەتا بە جێناوی "من" دەستی بە گێڕانەوە کردووە و دوایی لەناکاودا گۆڕیوەتی بۆ جێناوی "ئەو" و وەرگێڕەکەی لە هەمانشتزانەوە گۆڕیوە بۆ هەمووشتزان و ئەمەش تا کۆتایی ڕۆمانەکە درێژەی کێشاوە. ڕۆماننووس لە لاپەڕە (٥)ەوە تا دەگاتە لاپەڕە (٩) بە جێناوی من و لە زاری بەفرینەوە دەست بە گێڕانەوە دەکات. دواتر لە ناوەڕاستی لاپەڕە (٩)دا لە پاش مۆنۆلۆگێکی ڕانەگەیەنراوی بەفرین دەربارەی ئەوەی چانس و دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوتووە بۆ مێردکردن و پیاوێکی شیاو نەهاتووەتە داوای، جێناوی "من" دەکاتە جێناوی "ئەو"ی نادیاری هەمووشتزان و دەڵێت: "لەپڕ یەکێک خۆی بە ژوورەکەدا کرد، دیار بوو ئاشنای دراوسێیانە" (سەدیق: ٢٠١٦، ل٩). بەکارهێنانی ئەم جێناوە هیچی لە بەهای هونەریی ڕۆمانەکە کەم نەکردووەتەوە. ئەگەر درێژەی بە گێڕانەوەی خودی بدایە، ئەوا شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبووە شێوازێکی درامی، نەک وەک ئێستا کە بووەتە شێوازێکی پەنۆرامی [بە پێی زاراوەکانی "پێرسی لۆبووک" کە لە پەرتووکی "پیشەی ڕۆمان"دا هەردووکیانی بەکار هێناوە].

بەفرین کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، کەسێکی یاخییە، نایەوێ وەک هەر کچێک لە چوارچێوەی ڕێساکانی نێرسالاریدا مێرد بکات، ئەمەش وای کردووە دەوروبەرەکەی بە باشی لێی تێنەگەن و بە خۆیشی هەست بە نامۆیی بکات. بۆ نموونە دایکی بەفرین لە لاپەڕە (١٢)دا پێی دەڵێ ناسیاوێکی حاجی گوڵە دێتە خوازبێنیت. پاش دیتنی بەفرین، بە حاجی گوڵەدا هەواڵ دەنێرن کە ئەوان بەفرینیان بەدڵ بووە و ئامادەن بێنە خوازبێنیی، بەڵام مەرجیان هەیە. لە پای ڕازیبوونی بەفرین بەو مەرجەی ئەوان، ئامادەن زێڕێکی زۆر و ماشینی تایبەتی بۆ بکڕن و بڕای زاوا دەبێتە شۆفێری. مەرجەکەش ئەوەیە بەفرین باڵاپۆشی بکات. لە وەڵامدا بەفرین ئەو هاوسەرییە بە توندی ڕەت دەکاتەوە و تەنانەت وا دەزانێ هاتوون بۆ پیاوێکی داعشی بخوازن. نووسەر لە بارەی ئەم بابەتەوە دەڵێ شەو بەفرین و دایکی لە پێش تەلەڤزیۆن دانیشتوون و دایکی هەواڵی ڕازیبوونی ناسیاوەکەی حاجی گوڵەی پێ ڕادەگەیەنێ و ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا دروست دەبێت:

"... پاشنیوەڕۆ حاجی گوڵە هاتە لام، باشە."

"ئێ چیی وت؟ ئیشەڵڵا منیان بەدڵ نەبووبێ!"

"نەخێر، وەڵڵا زۆر چوویتە دڵیان، بەڵام ئەوان مەرجێکیان هەیە، دەڵێن دەبێ خۆت داپۆشیت."

"ئینجا خۆ ڕووت نیم! وەڵڵا جاران شاڵێکم بە سەر قژما ئەدا، شەرت بێ لە داخی ئەم قسەیە ئەوەش فڕێ دەم."

"کچێ تۆ بۆ هێندە بێحەیای، دەبا قسەکانم تەواو

بکـەم، پاشـان بـە گیانـم بـووڕە. ئـەو ئەیـوت تەنهـا گەرەکمـە جوبەیـەک لەبـەر بـکات و بـە ئـارەزووی خـۆی لـە بـۆ مـن جـل لەبـەر بـکات، ئامادەیشـم لـە نێـو زێـڕ نوقمـی بکـەم، بـەڵام ئەبـێ لەگـەڵ ماڵـی باوکـما بێـت، چونکـە سـوننەتە و ئۆتۆمبێلـی بـۆ دەکـڕم، بـەڵام (...) بـرا بچووکەکـەم دەبێتـە شـۆفێر، واتـە لـە ڕووی شـەرعەوە جایـزە."

"بەسە، دە بەسە! خۆ دڵم تەقی."

"نـە بەسـە و نـە تەڕەمـاش، مـن وتـم بـە هەمـوو مەرجەکانـت ڕازیـن، خۆشـت بێـت تورشـت بێـت ئـەم پێنـج شـەمەیە نـا، ئـەوەی تریـان مـەلا دێـت مـارەت دەکا" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٣٠-٣١).

لەوانەیـە کچێـک کـە بـە گوێـرەی سیسـتمی نێرسـالاری پـەروەردە و دەسـتەمۆ کرابـێ، گەشـکە بـکات بـەو جـۆرە داخوازییـەی کـە بەفریـن ڕەتـی کـردەوە، بـەڵام کەسـایەتیی بەفریـن وەک ڕۆشـنبیرێک و فێمینیسـتێک ناتوانـێ بـەو هاوسـەرییە ڕازی بـێ کـە مەرجـی سـەرەکیی ئـەوە بێـت دەس لـە ئازادیـی بیرکردنـەوە و ئازادیـی ئیـرادە هەڵبگـرێ و تەنیـا وەک جەسـتەیەک بـۆ چێـژی پیـاو تەماشـا بکـرێ، چونکـە ئەمـە مانـای سـڕینەوەی کەسـایەتیی ئـەو دەگەیەنـێ. ئـەم سـڕینەوەیە خراپتریـن جۆرەکانـی چەوسـانەوەی لـە پشـتە، چونکـە ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە "لـە پیـاو کەمـترە و دەبـێ خـۆی بـە پاشـکۆی ئـەو بزانـێ (...). دەبـێ بـڕوا بـەوە بـکات کـە مـاڵ جیهانـی ئـەوە. مێـرد و منـداڵ و خێـزان سـنووری قـەوارەی ئـەو پێـک دەهێنـن و جەسـتەی عەورەیـە و دەبێـت بیشـاردرێتەوە..." (حجـازي: ٢٠٠١، ص٢١٧).

لـە ڕوانگـەی هەنـدێ لـە ژنانـی نێـو کۆمەڵگـەی ئـەم ڕۆمانـەدا، ئەرکـی ژن؛ شـوکردن و خزمەتکردنـی پیـاو و منداڵخسـتنەوەیە. ئەمـەش لـەم دیالۆگـەی نێـوان بەفریـن و ژنەدراوسـێیەکیاندا دەردەکـەوێ کـە ناتوانـێ ژن بەبـێ مێـرد و منـداڵ ببینـێ. بەفریـن دەڵێـت: "دراوسـێکەمان نۆبەرەکـەی بیسـت و نـۆ سـاڵە، دەڵـێ مـن بـە منداڵـی شـووم کـردووە و تەمەنـم سـی و پێنـج سـاڵە، خواخوایەتـی بابەتێـک ببینێتـەوە بـۆ ئـەوەی پرسـیارە ئەزەلییەکـەم لـێ بـکات و بڵـێ: ئـەدی کەنجیـن شـوو دەکەیـت و کەنجیـن منداڵـت دەبیـتن؟ دەی خێـرا کـە زوو یەکـێ بـۆ خـۆت ببینـەوە، یـان دەتـەوێ مـن یەکـت بـۆ ببینمـەوە!" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٧).

لەبـەر ئـەوەی بەفریـن وەک کەسـانی دەوروبـەری بیـر ناکاتـەوە، بەڵکـوو بگـرە ژنێکـی یاخییـە لـە هەمـوو ئـەو ڕێکارانـەی عەقڵـی نێرسـالاری دەیـەوێ بەسـەر ژنیـدا بسـەپێنێ، بۆیـە هەسـت بـەوە دەکات کەسـێکی نامۆیـە و دەوروبەرەکـەی لێـی ناگـەن، ئەمـەش لـە ناخـەوە ئـازاری دەدا و هەسـت بـە بێـزاری دەکات. کاتێکیـش لـە ژێـر فشـاری دەوروبـەردا تووشـی ناهەمواریـی دەروونـی دەبـێ، زوو خـۆی دەکات بـە ژوورەکەیـدا و بـەدەم جگەرەکێشـانەوە دەسـت دەکات بـە نووسـینی هەمـوو ئـەوەی لـە ناخـەوە دەیهەژێنـن. لـە بەشـێکی یاداشـتەکەیدا باسـی ئـەم نامۆیـی و ئازارانـە دەکات و دەنووسـێت: "زۆر جـار لـە چـاوی خەڵکـی دەخوێنمـەوە، پێـم دەڵێـن ئـەم ئافرەتـە چەنـد نەخوێنـدەوار و سـاکارە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا مـن ئـەوان بـەو شـێوەیە دەخوێنمـەوە، ئەوانـی نـەزان چووزانـن (...) مـن هەمیشـە هەسـتی نامۆیـی نزیکتریـن بـرادەرم بـووە، ئازاریـش هاوسـەرە ئەزەلییەکەمـە" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل١٨).

هەروەهـا لـە یاداشـتنامەکەیدا باسـی ئـەوەی کـردووە کـە تەنیاتریـن کەسـی نـاو گەردوونـە و هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کـە وەک دەوروبەرەکـەی بیـری نەکردووەتـەوە (بڕوانـە: سـەدیق: ٢٠١٦، ل٣٣).

جەسـتە لـە تیـۆری فێمینیسـتیدا بایەخێکـی زۆری پـێ دراوە، چونکـە ئـەوان نەیانویسـتووە ژن تەنیـا وەک جەسـتە و دوور لـە مرۆڤبـوون تەماشـا بکرێـت. هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا بڕوایـان بـەوە بـووە ژن بـە هـۆی جەسـتەوە گیـرۆدەی جۆرەهـا سـتەم و دەستدرێژیکردنەسـەر بوونەتـەوە، لەبـەر ئـەوە بـەردەوام کاریـان کـردووە بـۆ ئـەوەی هۆشـیاریی ژن دەربـارەی جەسـتە پـەرە پـێ بـدەن، بـە موڵکـی خۆیانـی بزانـن و نەهێڵـن جەسـتەیان لـە لایـەن پیـاوەوە داگیـر بکـرێ و بیکاتـە موڵکـی تایبەتیـی خـۆی. لـە ئەدەبـی فێمینیسـتیدا جوانیـی جەسـتە بەهایەکـی ڕۆشـنبیریی هەیـە، نـەک بەهایەکـی نەرێنـی بـەوەی کـە عەورەیـە و دەبـێ داپـۆشرێ و ژن بـە ئاشـکرا، ئەگـەر نووسـەر و چیرۆکنـووس و ڕۆماننووسـیش بـێ، نابـێ باسـی جوانیـی جەسـتە بـکات. خولگەبەسـتن بـە دەوری کارەکتـەردا، کاریگەریـی گـەورەی

هەبــووە لــە بایەخدانــی گێڕانــەوەی فێمینیســتی بــە جەســتە، چونکــە "بایەخدانـــی کارەکتـــەرە ژنـــەکان بـــە جەســـتەیان، بەهــای ئامادەیــی خــود بــەرز دەکاتــەوە و قەدەغەکراوەکانــی کۆمەڵگــەی نێرســالاری تێــک دەشــکێنێ کــە جەســتەی ژن بــە عەیبــە دەزانــێ و دەبــێ بشــاردرێتەوە و لــە نوێنــی پیــاودا دیــل بکــرێ. بــەم جــۆرە ئــەم گێڕانەوەیــە بەهــای جەســتەی بــەرز ڕاگرتــووە، وەک بەهایەکــی ستاتیکی/ڕۆشــنبیری ڕایگەیانــدووە" (وەهـــابی: ٢٠١٦، ص١٣). لـــەم ڕۆمانەشـــدا وەرگێـــڕ پـــاش وەســفێکی وردی جوانیــی جەســتەی بەفریــن، ئەوســا دەڵێــت: "جوانییەکانــی بۆیــە ئەفســووناوی بــوون، چونکــە تەنهــا بریتــی نەبــوو لـــە یـــەک ڕەهەنـــدی جوانـــی، بەڵکـــوو جوانییەکـــە تێکەڵــە بــە ئــازادی، بــە نــاخ، بــە ڕۆحێکــی نامــۆ. هەمــوو جموجووڵەکانـــی هێمایەکـــی ئەوپـــەڕی ئـــازادی و ســـەیر ئەبەخشــێت. ئــەو لــە ڕەفتــاردا هیــچ تەمســیلێکی نەدەکــرد، لــە ماڵــێ خــۆی چــۆن بــوو، لــە دەرەوەش بــە هەمــان شــێوە. ئــەو هەســتی نەدەکــرد خــۆی خــاوەن جەســتەی خــۆی نییــە، هاوتـــای ئافرەتانـــی ڕۆژهەڵاتـــی بـــە گشـــتی کـــە خۆیـــان و جەســتەیان هیــی پیــاون (...)، قــەت لای گرنــگ نەبــوو داخــۆ پیــاوان ئەویــان پــێ جوانــە یــان نــا" (ســەدیق: ٢٠١٦، ل٥٧).

نووســەری ئــەم ڕۆمانــە وەک کەســێکی فێمینیســت بیــری بـــۆ دامەزراندنـــی کەســـایەتیی بەفریـــن خســـتووەتە کار، دەیــەوێ لــە ڕێــی ئــەم کارەکتــەرەوە هــزری فێمینیســتانەی خــۆی دەربــارەی ژن و کۆمەڵگــەی نێرســالاری بخاتــە ڕوو، کــە کەســانی نێــو ئــەم کۆمەڵگەیــە ژن وەک بوونەوەرێکــی ناتــەواو و وەک ئامــرازێ بــۆ ســێکس و منداڵخســتنەوە تەماشــا دەکــەن. لــە زێــڕی دەگــرن و جلــی جوانــی لەبــەر دەکــەن و لــە هەمــان کاتــدا ئامــادەن ڕۆژانــە ســتەمی لــێ بکــەن و تــاڵاوی هەمــوو دونیــای پــێ بنۆشــن. بــۆ ڕەواییــدان بــەم کــردارەش، ســوودیان لــە سیســتمی هزریــی نێرســالاری وەرگرتــووە کــە ژن دەکاتــە پاشــکۆی پیــاو و هەمــوو مافێکــی مرۆیــی لــێ زەوت دەکات، لەوانــەش مافــی یەکســانی و مافــی ئازادیــی بڕیــاردان لــە ســەر چارەنـووس و تەنانـەت مافـی دەسـەڵاتی بەسـەر جەسـتەی خۆیــەوە پــێ ڕەوا نابینــن و لــە دەســتی دەردەهێنــن. ئەمــەش بــە یاســا و نەریــت ڕێــک خــراوە، چونکــە وەک "د. مســتەفا حیجــازی" دەڵێــت: "لــە ڕووی مێژووییــەوە جەســتەی ژن کــۆت کــراوە و هەمــوو یاســاکانی یاســاغکردن و ڕێنــەدان بــۆ ئــەوە دانــراون کــە ئــەو جەســتەیە کۆنــترۆڵ بکــرێ و کلیلەکــەی بدرێتــە دەســتی پیــاوەوە (...). کاتــێ جەســتە لــەو کۆتانــە ڕزگاری دەبــێ و ئازادانــە گوزارشــت لــە وزە و ئارەزووەکانــی دەکات، ئــەو کاتــە مــرۆڤ لــە ســتەم و تێکشــکان ڕزگاری دەبــێ. لەبــەر ئــەوە کاتێــک ژن یاخــی دەبێــت، ئــەوا لــە بنەڕەتـدا دەیەوێـت ئـازادی بـە خـۆی بـدات بـۆ ئـەوەی بـە پلــەی یەکــەم لــە ڕووی سێکســییەوە ڕەفتــار لەگــەڵ جەســتەیدا بــکات" (حجــازي: ٢٠٠١، ص٢١٥).

### تــەوەری ســێیەم: لێدانــی تابــۆکان و ئاشــکراکردنی درۆکانــی پیــاو لــە ڕۆمانــی "ســێبەری درۆ"دا

کاتــێ مــرۆڤ لــە کۆمەڵگەیەکــدا دەژی، تژییــە لــە درۆ و دووڕوویــی و ســتەم و بــە کۆمەڵــێ یاســا و نەریــت کــۆت کرابــێ، هەناســەی ژیانــی ژەهــراوی بووبــێ، ناچــار دەبــێ ڕێگەچارەیــەک بدۆزێتــەوە بــۆ ئــەوەی خەونەکانــی لەبــار نەچــێ. بەفریــن کــە کارەکتــەری ســەرەکیی ئــەم ڕۆمانەیــە، بــۆ دەربازبــوون لــەو کەشــە خنکێنــەرەی تێــی کەوتــووە، بڕیــار دەدات دژی هەمــوو ئــەو تابۆیانــە بوەســتێتەوە کــە بەبــێ هیــچ پاســاوێک پیــرۆز کــراون. بڕیــار دەدات ڕووی درۆزنیــی کەســەکانی ئــەو کۆمەڵگەیــە ئاشــکرا بــکات، لــە ڕووی ئەوانــە بوەســتێت کــە دەیانــەوێ بەبــێ ویســتی خــۆی شــێوازێکی ژیــان و هاوســەری بەســەردا بســەپێنن کــە تــەواو پێچەوانــەی ئەوەیــە ئــەم وەک ژنێــک حــەزی لــێ دەکات و بیــری لــێ دەکاتــەوە. نووســەری ئــەم ڕۆمانــەش کــە خــۆی ژنــە، دەیــەوێ لــە ڕێــی نووســینەوە ڕووبەرێــک بــۆ ئازادیــی دەربڕیــن دروســت بــکات و ڕەخنــە لــە عەقڵیەتــی نێرســالارانەی کۆمەڵگەکــەی بگــرێ و ئــەوە ئاشــکرا بــکات کــە چــۆن ژن لــەم کۆمەڵگەیــە ســووکایەتیی پــێ دەکــرێ و لــە ســایەی عەقڵیەتێکــی دواکەوتــوودا ئازادییەکانــی لــێ زەوت کــراوە، تەنانــەت بــە هــۆی ئــەو کۆتوبەندانــەوە زۆرینــەی خەڵکــی ناچــار کــراون بــە دووڕوویــی بژیــن و بــێ تــرس درۆ بکــەن و فێــڵ لــە یەکــتر بکــەن. کەواتــە "ژن لــە کــرداری نووســیندا شــوێنێک دەدۆزێتــەوە بــۆ هەناســەدان و ڕووبەرێــک بــۆ ئازادیــی گوتــن و دەربازبــوون لــە بێدەنگــی" (بــن بــوزە:

٢٠١٦، ص٦٨).

کـۆی ئـەم ڕۆمانـە بـۆ ئـەوە نـووسراوە دەنگێکـی ژنانـە بـێ، بۆیـە ژن لێـرەدا ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێـڕێ، خاوەنـی هەڵوێسـتە، بەگـژ سـتەمدا دەچـێ و کەسـانی سـتەمکار و درۆزن کـە لـە پشـت هـەر پەردەیەکـەوە خۆیـان شـاردبێتەوە، یـان هـەر ماسـکێکیان پۆشـیبێت؛ ڕیسـوا دەکات. ئامانـج لەمـەش ئەوەیـە ناسـنامەیەکی ژنانـە بـە دەقەکـە ببەخشـێت. دەنگـی نێـر و گوتـاری نێـر لـەم ڕۆمانـەدا پاشەکشـێی پـێ کـراوە.

لـەم ڕۆمانـەدا بەفریـن نوێنـەری دەنگـی نووسـەرە، ژنێکـی فێمینیسـتە، داوای ئـازادی دەکات، دژی سـتەم و چەوسـانەوەی ژنانـە. ئـەم کارەکتـەرە لـە زۆر لاوە ئابلۆوقـە دراوە. دایـک، بـرا، دراوسـێ، دووکانـدار، تەنانـەت لـە شەقامیشـدا هەسـت بـە ئـازادی نـاکات.

لـەم ڕۆمانـەدا ڕۆڵـی دایـک چاودێریکردنـە، بـەم کـردارەش ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە گومـان لـە کچەکـەی دەکات، لـە کاتێکـدا ئـەو کچـە هیـچ هەڵەیەکـی نەکـردووە بـۆ ئـەوەی بـەم چەشـنە لـە خـودی ماڵـی خۆشـیاندا هەسـت بـەوە بـکات کـە خەریکـە دەخنکـێ و لـە پێسـتی خـۆی دەردەچـێ. بەفریـن لـە یاداشـتنامەکەیدا داکۆکـی لـە پاکـی و بێگەردیـی خـۆی دەکات و دەنووسـێت: "تاوانەکانـی براکـەم و تاوانەکانـی پیـاو بـە گشـتی، فێریـان کـردم هەرگیـز بـاوەڕ بـە پیـاو نەکـەم، بـەڵام زۆر بـاوەڕم بـە خـۆم هەبێـت. مـن تەمەنـم لـە سـەرووی سـی ساڵییە، بـەڵام تـا ئێسـتا بـە شـێوەیەک خـۆم پاراسـتووە، بـە هیـچ شـێوەیەک پیـاو نەتوانـێ بـۆ حـەزە پیسـە بێکۆتاییەکانـی بـەکارم بهێنـێ (...). هەمـوو ئەزموونـە تاڵەکانـم بوونـە لەمپەرێکـی بەهێـز بـۆ بەردەوامبوونـم لـەم کۆمەڵگـە جەنگڵسـتانە" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٤٢).

حەسـیبە کـە نـاوی دایکـی بەفرینـە، ئەوەنـدە بـە ڕەقـی لەگـەڵ کچەکەیـدا ڕەفتـار دەکات، ئـەو کچـە جـارێ وەک پۆلیـس و جـارێ وەک عیزرائیـل و جـارێ وەک جـەلاد وێنـای دایکـی دەکات. ترسـی دایکـی لەوەیـە نـەکا کچەکـەی فریـو بـدرێ و شـەرەفی خێزانەکەیـان لەکـەدار بـکات. بەفریـن بـەو چاودێریکردنـە زۆر قەڵـس دەبـێ و لـە یاداشـتنامەکەیدا دەنووسـێت: "مـن دایکێـک دروسـتی کـردم وەک مـن ژنـە، ئافرەتـە، مێیـە. ڕۆژێـک ڕۆحمـی بـە مێینەیـی مـن نەکـرد، هەمیشـە بـە چـاوی گومانـەوە تەماشـای پەیوەندییەکانـم دەکات. خـەون بـە ڕۆژێکـەوە دەبینـم بـێ تـرس و لـەرز باسـی پەیوەندییەکانـی خۆمـی بـۆ بکـەم، بـێ ئـەوەی ڕۆڵـی جـەلاد و حاکـم ببینـێ. ئـەو پێـی وایـە مـن لـە ترسـی ئـەو شـەرەفی دەپارێـزم، بـەڵام ئـەو تێنـاگا مـن دەتوانـم هەمـوو شـتێک بکـەم کـە لای ئـەو شـەرەف ئەزرێنـێ، بـێ ئـەوەی کەسـیش پێـی بزانێـت، بـەڵام هەرگیـز ئـەوە گرفتـی مـن نەبـووە" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٥٥).

چاودێریکردنـی بەفریـن لـە لایـەن دایکیـەوە دەگاتـە ئـەوەی لـە چوونـە ئاودەسـتی ئـەو گومـان بـکات و لێپرسـینەوەی لەگەڵـدا بـکات، ئەمـەش تـەواو بەفریـن تـووڕە و بێـزار دەکات، چونکـە بـە لای ئـەوەوە ئاودەسـت تەنیـا شـوێنە کـە بتوانـێ لەوێـدا ئازادانـە بیـر بکاتـەوە و سـیگار بکێشـێ. جارێکیـان بـەدەم سیگارکێشـانەوە لـە ئاودەسـت زۆر دوا دەکـەوێ، کـە دێتـە دەرەوە دایکـی لێـی تـووڕە دەبـێ و ئـەم گفتوگۆیـە لـە نێوانیانـدا دروسـت دەبـێ: "ئـەک ماڵـت بـە قـوڕ نەگیـرێ، ئـەم هەمـووە خەریکـی میزکردنێـک بـووی، ئـەی ئەگـەر خـۆت بشـۆی چـی ئەکەیـت!"

"ئۆهـۆ... ئۆهـۆ... ئـەرێ تـۆ مانـدوو نابیـت لـە چاودێریکردنـی مـن! گەیشـت بـە ژماردنـی میـز و گووەکانیشـم! تـۆ لـە خـوا ناترسـی؟ خـوات بتگـرێ ئـەرێ وەڵـڵا، خـۆ تـۆ مێشـکت گام. لـە هەمـوو دانیشـتنێک و هەڵسـانێکم توانجێکـت هەیـە، لـە هەمـوو هەڵسـوکەوتێکم بەدواداچوونێکـت هەیـە، خنـکام بەسـە، تـۆزێ یەخـەم بـەر دە" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٦٧-٦٨).

ئـەم کار و ڕەفتارانـەی حەسیبە وا دەکات کـە کچەکـەی ڕکـی لـێ بـێ و حـەز بـکات زوو لـە دەسـتی ڕزگاری ببێـت. ئـەو کردارانـەش لەخـۆڕا لای دایکـی بەفریـن سـەری هەڵنـەداوە، بەڵکـوو ڕەنگدانـەوەی ڕاسـتەوخۆی بیـر و عەقڵیەتـی نێرسـالارییە. بەفریـن لـە مێـژە باوکـی مـردووە، لەبـەر ئـەوە دایکـی لێـرەدا ئەرکـی بـاوک دەگێـڕێ، بـە شـێوەی بـاوک بیـر دەکاتـەوە و ڕەفتـار دەنوێنـێ. ئەمـە بـە ئەرکـی خـۆی دەزانـێ، بـەڵام پـەی بـەوە نابـات کـە تەمەنـی کچەکـەی سـی و پێنـج سـاڵە و کۆلێـژی تـەواو کـردووە و کەسـێکی ڕۆشـنبیرە و هەروەهـا کارمەنـدی کۆمپانیایـە و دەتوانـێ ئەگـەر هەوەسـی لـێ بـێ لـە دەرەوە بەدڵـی خـۆی حـەزی لـە چـی بێـت

ئەنجامــی بــدات و لەویشــی بشــارێتەوە. ئــەم کردارانــەی دایکــی بەفریــن جــۆرە ستەمێکە بەرانبــەر کچەکــەی دەیــکات. ئەمــەش یەکێکــە لــە مەینەتییەکانــی ژن لــە کۆمەڵگــەی نێرســالاریدا. لێــرەدا دایــک ڕۆڵێکــی نێرانــە دەبینــێ بــۆ ئــەوەی خــۆی هەســتی پــێ بــکات. کەشــێک دروســت دەکات کــە پێــی دەگوتــرێ کەشــی چەپانــدن و ســڕینەوە، ئەمــەش "کەشــی ئــەو ماڵانەیــە کــە تێیــدا ژن تووشــی چەپاندنێکــی زۆر و بێبەشــی و ســنووردارکردنی جووڵــە و ســڕینەوەی کەســایەتی دەبێــت، چ لــە لایــەن بــاوک، یــان بــراکان، یــان ئــەو دایکــەی ڕۆڵــی دەســەڵاتی نێرانــە دەگێــڕێ..." (واصــل: ٢٠١٨، ص١٩٩).

ئــەم ڕەفتارانــەی دایــک کــە لــەم ڕۆمانــەدا بــاس کــراوە، دەبێتــە هــۆی ئــەوەی دایــک وەک مۆتەکــە دەســت بــە تابۆکانــی کۆمەڵگــەی نێرســالارییەوە بگــرێ و بەمــەش ژیانــی کچەکــەی پــڕ لــە مەینەتــی بــکات. پیاوپەرستی بکاتــە ئەرکــێ و بەســەر ژنیــدا بســەپێنێ. تەنانــەت ئەگــەر پیــاو هەڵەیەکــی گــەورەش بــکات، بــە لای ئــەوەوە زۆر ئاســاییە و دەبــێ لێــی خــۆش ببێــت. بــۆ نموونــە کاتــێ هێــرش لەبــەر بێمووچەیــی و شــەڕی داعــش لــە ژیــان بێــزار دەبــێ و بڕیــار دەدات ئاشــنای ژنــی تــەڵاق بــدا و بــەرەو هەنــدەران هەڵــێ بــێ ئــەوەی هەســت بــەوە بــکات کــە ئــەو باوکــە و خاوەنــی خێزانــە و نابــێ لــەو دۆخــەدا ژن و کچەکــەی بەجــێ بهێڵــێ، کەچــی دوای ماوەیــەک لــە ژیانــی نــاو کەمپــی ئــاوارەکان لــە وڵاتــی ئیتاڵیــا بێــزار دەبــێ و بــۆی دەردەکــەوێ ئەورووپــا ئــەو بەهەشــتە نییــە لــە خەیاڵــی ئەمــدا وێنــەی بــۆ کێشراوە، لــە تەڵاقەکــەی پەشــیمان دەبێتــەوە و بــە نامەیــەک کــە بــۆ ئاشــنای نــاردووە و بەفریــن بــۆی دەخوێنێتــەوە، ئەوپــەڕی پەشــیمانی دەردەبــڕێ و داوای لێبــوردن لــە ئاشــنا دەکات و تــکای لــێ دەکات لێــی خــۆش ببێــت. پاشــان کــە هێــرش دێتــەوە، ئاشــنا ڕووی پــێ نــادات، ئەویــش بــە تەلەفــۆن پەیوەنــدی بــە بەفرینــەوە دەکات بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ ئاشــنای ئاشــت بکاتــەوە. کاتــێ دایکــی بەفریــن بــەم بابەتــە دەزانێــت، بــە بەفریــن دەڵــێ: "نەچــی ئــەو ئافرەتــە هــان دەی نەگەڕێتــەوە لای پیاوەکــەی! پیــاو بــۆی هەیــە هەڵــە بــکات، خــۆ پیاویشــی نەکوشــتووە، دوو ســێ مانــگ بەجێــی هێــڵاوە و گەڕاوەتــەوە داوای لێبــوردن دەکات." "تــۆ هــەر ئەبــێ پشــتی پیــاو بگریــت، نازانــم تــۆ پیــاوی یــان ژن! خەمــت نەبــێ مــن ناهێڵــم بە هــۆی تێکدانــی پەیوەندییــەک خــۆی لــە بنەڕەتــەوە تێــک چــووە."

"بــە خــوا حــەوت مێــرد چــاری زمانــی تــۆ نــاکات" (ســەدیق: ٢٠١٦، ل٩٣).

دایکــی بەفریــن هــەر لــە منداڵییــەوە کچەکــەی دەکاتــە خزمەتــکاری سەربەســتی بــرای، ئەمیــش بــە جۆرەهــا شــێوە ســتەمی لــێ دەکات و لێــی دەدات و تەنانــەت هــەوڵ دەدات دەســتی بــۆ بەرێــت. وەرگێــڕی هەمووشــتزان لــەم بارەیــەوە دەڵێــت: "بەفریــن لــە تەمەنــی شــەش ساڵییەوە دەبــوو لــە خزمەتــی براکەیــدا بێــت، چــای بــۆ بەرێــت و پشــتی لــە حەمــام بشــوات، پێڵاوەکانــی بــۆ بســڕێ (...). لەگــەڵ گەورەبوونــی ئــەم کیژۆڵەیــە، ئەرکــی خزمەتکردنــی براکــەی زیاتــر و گەورەتــر دەبــوو. بەفریــن لــە تەمەنــی شــەش ساڵییەوە هەســتی بــە مەرامــە نائەخلاقییەکانــی براکــەی دەکــرد، بــەڵام شــەرمی ئەکــرد بــە دایکــی بڵێــت. دایکــی وای دەزانــی ئــەو لێــی دەترســێ، چونکــە لێــی دەدات، بــەڵام لــە هەقیقەتــدا ئــەو لــە لێــدان نەدەترســا، بەڵکــوو لــەو باوەشــانەی دەترســا کــە بــە هیــی کــەس نەدەچــوو، بــەو ماچانــەی لــە دەمــی دەکــرد کاتێــک دایکیــان دەچــووە بــازاڕ، یــان لــە مــاڵ نەدەبــوو" (ســەدیق: ٢٠١٦، ل٤٥).

ئــەم هەوڵــەی سەربەســتی بــرای بەفریــن کــە جــۆرە لێدانێکــە لــە تابــۆ ئایینییــەکان یــان جــۆرە لادانێکــێ ڕەوشــتییە لــە قەدەغەکراوەکانــی کۆمەڵگــە، زۆر جــار کچــی منــداڵ گیــرۆدەی نەخۆشــیی دەروونــی دەکات، هێدمەیەکــە کــچ بــەرەو هیســتریا دەبــات و لەوانەیــە لــە تــەواوی ژیانیــدا ئیتــر بێــزی لــە ســێکس ببێتــەوە. فرۆیــد: "لــە کاتــی چارەســەری هەنــدێ حاڵەتــی هیســتیریدا، بــۆی دەرکەوتــووە زۆرینەیــان لــە لایــەن کەســێکی لــە خــۆ گەورەتــرەوە، وەک بــاوک، بــرا، یــان کەســێکی نەناســراوەوە دەســتدرێژی کراوەتــە ســەریان، یــان هــەوڵ دراوە ئــەو دەســتدرێژییە بکــەن" (حــب اللــة: ٢٠٠٤، ص٤٥). ئــەم حاڵەتــەش لــە ژیانــی بەفرینــدا کاریگەرییەکــی زۆر نەرێنیــی دروســت کــردووە و وای لــێ هاتــووە ڕکــی لــە پیــاو بــێ، گومانیــان لــێ بــکات، هەروەهــا هۆکارێکــی دیکــە بــۆ ئــەوەی ڕکــی لــە دایکیشــی بــێ، چونکــە ئــەو دایکــە کــە لەگــەڵ ئەمــدا ڕۆڵــی نێــر و دەســەڵاتداریی دەگێــڕا، بەرانبــەر

کوڕەکـەی زۆر لاواز بـوو بـە ڕادەیـەک کـە بەفریـن وا هەسـت دەکات دایکـی ئـاگاداری ئـەو هەوڵانـەی کوڕەکەیەتـی، بـەڵام بێدەسـەڵاتە و هیچـی پـێ ناکـرێ تـا ئـەو کاتـەی بەفریـن لـە ترسـی هەوڵێکـی دەسـتدرێژیی براکـەی بـەدەم قیـژە و هـاوارەوە لـە مـاڵ هەڵـدێ و پەنـا دەباتـە ماڵـی هاوڕێیەکـی و لـەوێ زمانـی دەبەسـترێ و چـاک نابێتـەوە تـا دەیبەنـە لای پزیشـک. هەمـوو ئەمانـەش نیشـانەی هیسـتریان و دیـارە بەفریـن لـە ترسـا گرفتـاری ئـەو دۆخـە دەروونییـە بـووە. ئیـتر لـە دوای ئـەو ڕووداوە دایکەکـە بـۆ ماوەیـەک کوڕەکـەی لـە مـاڵ دەردەکات. پاشـان کـە دەگەڕێتـەوە؛ بـەردەوام شـەڕ بـە دایـک و خوشـکەکەی دەفرۆشـێت، تـا ئـەو کاتـەی ژنـی بـۆ دەهێنـن و پاشـان پێـی لـە ماڵـی دایکـی دەبـڕێ، چونکـە بـە زۆر دەیـەوێ خوشـکی بداتـە هاوڕێیەکـی بەدڕەفتـاری خـۆی و دایکـی و بەفرینیـش ئـەو بابەتـە لـە بنـڕا بـە توندی ڕەت دەکەنـەوە. بەفریـن لـە یاداشـتنامەکەیدا پـەردە لـە سـەر سـتەم و بێڕەوشـتییەکانی براکـەی هەڵدەداتـەوە، هەروەهـا ترسـەکانی خـۆی لـەو برایـە ئاشـکرا دەکات و ئۆباڵـی ئـەم کـردەوە قێزەونانـەی براکـەی دەخاتـە ئەسـتۆی دایکـی و دەنووسـێت: "ئـەم دایکـە دڵڕەقـەی مـن ئەزانێـت چەنـدم چەشـتووە لـەم ژیانـە، هەمووشـی لـە سـایەی ئـەو بـوو، بـرا گەورەکەمـی کردبـوو بـە کەڵـەگا بەسـەر خـۆی و منیشـەوە، لەبیـری چـوو مـن بـە شـەقەکانی سەربەسـت گـەورە بـووم. خۆزگـە تەنهـا شـەق بووایـە، ئـەو تێـی هەڵـدام، چونکـە مـن ملکەچـی ئـارەزووە گڵاوەکـەی نەدەبـووم. مـن شـەوان دەبـووا بـە دزییـەوە بـڕۆم بـۆ ژووری دایکـم، نـەکا گێچەڵـەم پـێ بـکات. ئەمڕۆیشـی لەگـەڵ بێـت، بـۆ دایکـم بـاس نەکـردووە، بـەڵام گومانـم هەبـوو لـەوەی نەزانـێ، پێـم وایـە ئەیزانـی و خـۆی لـە گێلـی ئـەدا، چونکـە دەرهەقـی نەدەهـات" (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٣٢). ئـەم هەوڵـە چەپەڵانـەی براکـەی بووەتـە هۆکارێکـی گـەورە بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـایی ژیـان بەسـەر نەبـا و هەمیشـە هەسـت بـە ئـازار و مەینەتـی بـکات و هەروەهـا لـە پرۆسـەی هاسـەرگیری بترسـێ تەنانـەت لەگـەڵ یەکێکـی وەک جوامێـردا کـە بـەدڵ ئەمـی خـۆش دەوێ و ئامادەیـە ژیانێکـی ئـارام و ئاسـوودەی بـۆ دابیـن بـکات. بـە هـۆی دەسـتدرێژییەکانی براکەیـەوە تووشـی چەپاندنـی سێکسـی دەبـێ، لـە نائاگاییـدا حـەزی لێیـە، بـەڵام لـە دۆخـی ئاگاییـدا لـەو پرۆسـەیە دەترسـێ و بـە ئاشـکرا نایدرکێنـێ. لـە بـارەی ئـەم دۆخـی چەپاندنـەوە فرۆیـد: "پێداگـری لـە سـەر گرنگیـی هێدمـە (صدمـة)ی فریودانـی سـێکس دەکاتـەوە کاتـێ منـداڵ لـە سـاڵانی یەکەمـی ژیانیـدا لـە لایـەن کەسـانی لەخۆگەورەتـرەوە ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە. ئـەم ڕووداوەی بـە ئاماژەیەکـی گرنـگ دانـاوە بـۆ دروسـتبوونی ئـەو دۆخـی چەپاندنـە کـە پاشـان لـە یادگاریـی ئـەودا دەبێتـە مایـەی بێزلێبوونـەوە و نەفرەتلێکـردن" (حـب اللـة: ٢٠٠٤، ص٤٤).

ئـەو کەشـە پـڕ لـە ئـازار و مەینەتییـە لـە ژیانـی بەفرینـدا بـەردەوام دەبـێ تـا دەگاتـە قۆناغـی خوێندنـی زانکـۆ، لـەوێ بـە ڕێکـەوت چـاوی بـە یـادگار دەکـەوێ، لـە یەکـەم نیـگاوە هەردووکیـان عاشـقی یـەک دەبـن بـێ ئـەوەی ڕازی دڵیـان بـۆ یەکـتر ئاشـکرا بکـەن. دوایـی بـە یـەک ئاشـنا دەبـن و مـاوەی چـوار سـاڵ بـە ژووان و عەشـقێکی ڕۆمانسـییانە بەسـەر دەبـەن. دیـارە کـە کەشـی زانکـۆ جیهانێکـی کراوەتـرە بـۆ ئـەوەی کـچ و کـوڕ یەکـتر بناسـن و هەروەهـا شـوێنێکە لەوێـدا زانیاریـی کەسـەکان زیاتـر بەرەوپێـش دەچـێ و بیـری جیـاواز گەنگەشـەی لـە سـەر دەکـرێ. بـە گشـتی زانکـۆ شـوێنێکە بـۆ ئـازادی و پەرەسـەندنی پەیوەندییـەکان.

بەفریـن کـە لـە کەشـێکی ئابڵووقـەدراو و خنکێنـەر و پـڕ سـەرکوتکردنەوە دەگاتـە ئـەوێ، هەسـت دەکات دەرفەتێکـی تـری بـۆ ڕەخسـاوە، بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی نـوێ دەسـت پـێ بـکات و خەونێکـی تـازە دوور لـە چاودێریـی دایـک و تێهەڵدانەکانـی براکـەی دامەزرێنـێ. عەشـقی یـادگار وزەیەکـی نـوێ بـە ڕۆحـی دەبەخشـێ، نازانـێ دواتـر ئـەم خەونـەش بـە هـۆی درۆکانـی پیـاوەوە لەبـار دەچـێ. چـوار سـاڵ بـە خۆشـی تێدەپەڕێنـن. دوای کۆلێـژ، یـادگار دەچێتـە هەنـدەران و گفتـی ئـەوەی پـێ دەدات هەرکـە توانیـی مافـی پەنابـەری بەدەسـت بهێنـێ و ڕێوشـوێنێک بـۆ ژیانـی هەردووکیـان دەسـتەبەر بـکات، دێتـە خوازبێنـی و دواتـر پێکـەوە لـەوێ ژیانێـک پـڕ بـە دڵـی خۆیـان بەسـەر دەبـەن، بـەڵام شـەش سـاڵ بەسـەر ئـەو بەڵێنـەدا تێپـەڕ دەبـێ و یـادگار هیـچ دەنـگ و ڕەنگێکـی دەرناکـەوێ و بەفرینیـش بەهیـوای

گەیشتن بەو پیاوە ژیانێکی کولەمەرگی و پڕ چاوەڕوانی دەگوزەرێنێ. ڕۆژانی پڕ لە حەزی بە نائومێدییەوە بەسەر دەبات. نووسەری ڕۆمانەکە لە ڕێی مۆنۆلۆگێکەوە دەمانباتە ناو ناخی ئەوەوە و بەم جۆرە باسی دۆخی چاوەڕوانی و نائومێدیی ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات: "دیسان ڕۆژ بووەوە، هیچی نوێ ڕووی نەدا، ئاخ لەم ژیانە پڕوپووچ و بێمانایە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێدەنگی ژیانم داگیر دەکات. تۆ بڵێی ئەگەر خێزانم پێک هێنابایە، ئێستا بەختەوەر دەبووم؟ باشە چی بکەم؟ هەر چەندە باوەڕم بە چانس نییە، بەڵام تۆ بڵێی بێچانسی بێت؟ نازانم! دە بەسە! خۆ من داڕزام بە دەستی چاوەڕوانییەوە، وەلێ کەسێکی شیاو لە پاش ئەو (مەبەستی لە یادگارە) لە دەرگای نەدام. سەد خۆزگەم بە سەمیرەی کاکلە شێت، ئەویش وەک من قەیرەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ بێدڵیی خۆی نەکردووە، نیوەی کوڕە هەرزەکار و گەنجەکانی گەڕەکی فێرە ژووانی شەوە سپییە گەرموگوڕەکانی کردووە" (سەدیق: ٢٠١٦، ل٩).

باسی ئەم حەزە سێکسییەی بەفرین وەک تێکشکانێکە بۆ ئەو بێدەنگییەی کۆمەڵگەی نێرسالاری بەسەر ژنیدا سەپاندووە. ڕێگەی نەدەدا ژن باسی حەزەکانی بکات، ئەمەی بە گوناه و مەترسی دەزانی، بەڵام ئەدەبی فێمینیستی ئەو تابۆیانەی وێران کرد، بەوەی مافی دایە ژن باسی خۆی بکات و لە حەزەکانی جەستەی بدوێ، "بەمەش ئامانجی ڕیسواکردنی شێوەکانی باڵادەستیی نێرسالارانەیە بە هەموو ئەوەی بە گشتی پەیوەندیی بە ژیانی ئەوەوە هەیە، پاشان تێکۆشانی لە بنەڕەتدا بۆ سەلماندنی بوونێکی مرۆیی هاوتای بوونی ئەوی دیکە و ئەو ئەدەبەش کە ئەو بەرهەمی دەهێنێ بە مەبەستی پیشاندانی بۆچوونی ئەوە و ئەویش توانای هەیە تێڕوانینی تایبەتیی خۆی سەبارەت بە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بە پشتبەستن بە ئەزموونی بوونی مرۆیی پیشان بدات" (سلام: ٢٠١٩، ص٢٥-٢٦). ئەو حەزەی بەفرین لە ناخی خۆیدا باسی دەکات، گوزارشت لەو بۆچوونە دەکات کە چیتر ڕێ نادرێ ژن دەمکوت بکرێ و بۆی نەبێ وەک پیاو باسی حەزەکانی خۆی بکات، ئەمەش لێدانێکی بەهێزی تابۆکانی هزری نێرسالارییە. کارەکتەری ژن، لە ئەدەبی فێمینیستیدا، نوێنەری ژنێکی ماڵیکراو و ڕامکراو نییە کە پیاو جڵەوی کردووە، بەڵکوو نموونەی ژنێکە بڕوای بە خۆیەتی و دەزانێ مافەکانی چین و چۆن خەبات بۆ بەدەستهێنانیان بکات.

باسکردنی جەستە، لە ڕۆمانی "سێبەری درۆ"دا، بۆ ئەوەیە تابۆکان بشکێنێ، درۆکانی ئەو پیاوانە ئاشکرا بکات کە بە عەقڵیەتێکی نێرسالارانەوە دەیانەوێ ژن فریو بدەن و وەک جەستە داگیری بکەن و پاشان وەک پاشکۆ لێی بڕوانن.

ڕۆژان لە تەمەنی بەفرین تێپەڕ دەبێ و هەواڵێک لە یادگارەوە ناگاتە لای. زۆر جار وێنەی ئەو لە خەیاڵیدا ئامادە دەبێ، ناتوانێت لەبیری بکات. لە پێش ئاوێنە تەماشای دیمەن و ڕوخساری خۆی دەکات و ئەوی بیر دەکەوێتەوە. کاتێ دەچێتە حەمام، لە جەستەی دەڕوانێ و خەیاڵی دەیگێڕێتەوە بۆ ژووانەکانی لەگەڵ یادگار و وەگێڕی هەمووشتزان بەم جۆرە دەمانباتە ناو زەینی ئەوەوە و دەڵێت: "ئاوڕێکی لە ئاوێنەکەی دایەوە، زۆر بە سەیری تەماشای خۆی کرد، دەتوت لە کەسێکی نەناس ئەڕوانێت، ئیدی نیگاکانی یادگاری بیر هاتەوە، کاتێک بە سەعات لە بەرانبەری دادەنیشت تەنها تەماشای دەکرد. هەستی بە نیگاکانی دەکرد وەک بارانی بەهار بەسەر لەشیدا دەتکانەوە، بۆ ساتێکیش لە چاوە شینەکانی بێزار نەدەبوو. ئەم دوو عاشقە کاتێک دەتبینین، ئیدی دەتوت درۆیە ئەگەر لە پاش ئەم دووە؛ عاشقێکی دیکە بەم ڕاستگۆییە هەبن. دوو مرۆڤ کاتێک بە یەک ئەگەیشتن، هەموو ماناکان و بوونەکانی تر کۆتاییان ئەهات، گەردوونێکی نوێ بۆ ژووانەکانیان دەهاتە کایەوە، لەم گەردوونە پڕ ئازارە نەدەچوو، لەم جیهانە بێمانایە نەدەچوو (...). بۆ چرکەیەک مێینەیی خۆی بیر هاتەوە، بەڵام زوو لە دەست ئەم ڕاستییە هەڵات، نەیدەویست لە دەرەوەی یادگار هەست بە جەستەی خۆی بکات، بەڵێنی دابوو دەبێ تەنیا لەگەڵ ئەو ژنایەتیی خۆی یاد کاتەوە" (سەدیق: ٢٠١٦، ل٥٧-٥٨).

خۆشەپاندنەکانی دایک و ئازار و مەینەتییەکانی خود و تەواوی کێشەکانی ژن و نیشتمانێک کە ژن تێیدا ئازاد

نییە، لێی خواستراوە وەک مێیەک هەموو ژیانی تەرخان بکات بۆ ڕازیکردنی پیاو. هەموو ئەمانە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بەفرین دەخاتە کەڵکەڵەی ئەوەی یەکەم جار لە دەستی دایکی و دووەم جار لە ناخۆشی و چەرمەسەرییەکانی ژن لە نیشتمان؛ خۆی ڕزگار بکات و ڕوو لە هەندەران (هۆڵەندا) بکات. بۆ ئەمەش لەگەڵ جوامێری هاوڕێی ڕێک دەکەون بە ناوی هاوسەرییەکی ساختە بێتە پێشەوە و بیخوازێ و دوایی پێکەوە بچنە هەندەران و لەوێ تەڵاقی بدات. بەرانبەر بەم هاوکارییە، جوامێر یەک مەرج دەخاتە پێش بەفرین، ئەو مەرجەش ئەوەیە یەک شەو هەتا بەیانی پێکەوە بن، بێ ئەوەی هیچ هەڵەیەک لە نێوانیاندا ڕوو بدات. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، بەفرین و ئاشنا ڕێک دەکەون کە ئاشنا خۆی بکاتە نەخۆش، بۆ ئەوەی ئەو شەوە دەرفەت بڕەخسێت و بەفرین بە دزییەوە بچێتە ماڵی جوامێر. ئیتر لەوێ لێدانی تابۆکان دەست پێ دەکات و ئەوەی عەقڵیەتی نێرسالاری لە ژنی قەدەغە کردووە، ئەوان بێ ترس و دوور لە چاوی دایک ئەنجامی دەدەن. ئەوەی بیریان لێ نەکردەوە؛ تەنیا سێکسکردن بوو. سەرەتا دوای بەخێرهاتن ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا دروست دەبێ: "فەرموو... فەرموو! حەز بە کوێ دەکەیت لێی پاڵ دەوە، ئەوجا بەندە لە خزمەتتدایە. حەز بە چی ئەکەیت؟ چا، قاوە، ئاوی میوە... ئەمر کە!"

"تەنها ئاو جارێ، دواییش خوا کەریمە."

"ئۆکەی، هەر ئێستا گەورەم! بەڵام ئەگەر ڕوخسەتم بەیت من بۆخۆم بیرەیەک ئەهێنم، ئەگەر حەزت پێیەتی بۆ تۆش ئەهێنم."

"باشە، مادام ئاو ناخۆمەوە، با بە بیرە بەخێرهاتنی سەرەتای هاوین بکەین" (سەدیق: ٢٠١٦، ل٧٢).

ئەوەی خوێنەری ئاسایی لەم پێکەوەبوونە چاوەڕێی دەکات، بە تایبەتی دوای بیرە خواردنەوە، گەمە و دەستبازی و ئاوێتەبوونی دوو جەستەی تینووی سێکسە، بەڵام هەرگیز ئەوە ڕوو نادات، چونکە چاوەڕێ ناکرێ لە نووسەرێکی فێمینیستی خەڵکی باشووری کوردستان ڕێ بدات نوێنەری دەنگی ئەو تەسلیمی حەزێک بێت، لەگەڵ تێڕوانینی ئەمدا ناگونجێ. بە پێچەوانەوە، ئەم نووسەرە لێرە کار دەکات ئەو بۆچوونە پووچەڵ بکاتەوە کە دەڵێت: ئەگەر نێر و مێ، ژن و پیاو، کچ و کوڕ لە شوێنێ بە تەنیا کۆ ببنەوە، شەیتان دەبێتە سێیەمیان. واتە شەیتان فریویان دەدات و دەیانخاتە هەڵەوە. ئامانج لەم دیدارەی بەفرین و جوامێر سەلماندنی ئەوەیە هەر چی پیاو لە ڕوانگەی نێرسالارییەوە دەربارەی ژن و پەیوەندیی بە پیاوەوە گوتوویەتی، زۆربەی کۆمەڵێ درۆیە. بۆ ئەوە گوتراون تا ڕێ لە گەشەکردنی عەقڵی و مەعریفیی ژن بگرن و ئەوە دووپات بکەنەوە کە ژن زەعیفەیە، سۆزی گەرمە، بە ئاسانی دەکەوێتە داوی بێڕەوشتییەوە، هەروەها پیاو تەنیا وەک جەستە دەڕوانێتە ژن و دەیکاتە ئامرازێ بۆ تێربوونی حەزەکانی بێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤەکان ڕۆڵی هەیە لە وێنەکێشانی کەسایەتیی ئەواندا. لە ڕۆمانی فێمینیستیدا کار بۆ گۆڕینی تێڕوانینەکان دەکرێ، پێناسەی نوێ بە مرۆڤ دەدرێ، گرنگترین گۆڕانکاریی خوازراویش ئەوەیە کە چیتر ژن تەنیا وەک جەستە و چێژ تەماشا نەکرێ. ئەم تێڕوانینەش بۆ سڕینەوەی ئەو بۆچوونەیە کە هزری نێرسالاری کاری بۆ چەسپاندنی کردووە. لە پەرتووکی "ڕەخنەی گوتاری جودا، گێڕانەوەی فێمینیستی لە نێوان تیۆر و پراکتیک"دا، "د. هوەیدا سالح" لەم بارەیەوە دەڵێت: "سەردەمانێکی درێژخایەن کار کراوە بۆ چەسپاندنی ڕۆشنبیرییەک کە ژن بە جەستە و ئامێرێک بۆ چێژ دادەنێ، ئیتر خەمی گەورەی ژن/نووسەر بووە کارکردن بۆ تێکشکانی ئەم ڕۆشنبیرییە لە ڕێی بەتاڵکردنی چەمکی جەستە لە دەلالەتی چێژی سێکسی، بنیاتنانی نەسەقێکی ئەپستیمی کە تێیدا جەستە بە هاوتای خودی مێینە بزانێ. لەم دۆخەشدا جەستە دەبێتە ناسنامەی خود و ئەو چەمکە نێرینەیە تێک دەشکێ و ڕەت دەکرێتەوە کە جەستەی ژن لە ڕێی پەیوەندیی بەچێژەوە تەماشا بکرێت" (صالح: ٢٠١٤، ص١٥٨).

لەو دیدارەی جوامێر و بەفریندا لێدان و تێکشکانی تابۆکانی نێرسالاری بەردەوام دەبێ. دوای خواردنەوە و سێ کاتژمێر لە گفتوگۆ، بەفرین حەزی دەچێتە مۆسیقا و لەگەڵ جوامێردا دەست بە سەما دەکەن. وەرگێڕی هەمووشتزان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەو ساتەدا هەموو شتەکان ئامادەییان هەبوو:

"هەسـت، سـۆز، عەشـق، خۆشەویسـتی، ڕاسـتگۆیی، جوانـی، ڕۆح. ئـەوەی لێـرەدا بوونـی نەبـوو تەنهـا جەسـتە بـوو. جەسـتە و هۆشـی هەردووکیـان ئاوێتـەی مۆسـیقا بـوون، لاقیـان سـەر زەویـی نەدەگـرت، هەسـت لـەم شـوێنەدا سـەرمەدییە، نـە سـەرەتای دیـارە نـە کۆتایـی..." (سـەدیق: ٢٠١٦، ل ٧٧).

لـە زۆر ڕۆمانـی پیاوانـدا باسـی ژن کـراوە، بـەڵام تەنیا لـە دەرەوە وێنـەی ئەویـان پیشـانی خوێنـەر داوە، وەك ڕۆمانـی "کـوڕان و عاشـقان"ی "د. ئێـچ. لۆرانـس" و ڕۆمانـی "ئۆلیـس"ی "جیمـس جۆیـس" و ڕۆمانـی "دزەکان"ی "ولیـام فۆکنـەر" و ڕۆمانـی "1Q٨٤"ی "هاروکـی مۆراکامـی" لـە ئاسـتی جیهانـی و ڕۆمانـی "ئێـوارەی پەروانـە"ی "بەختیـار عەلـی" و ڕۆمانـی "نەتـەوەی ژێرابـەکان"ی "جەبـار جەمـال غەریـب" و ڕۆمانـی "خـەوی پسـاوەی قەندیـل"ی "کەریـم کاکـە" و ڕۆمانـی "حەسـار و سـەگەکانی باوکـم" لـە نووسـینی "شـێرزاد حەسـەن"... هتـد؛ لـە ئاسـتی ناوخۆییـدا. کەچـی ژن، تەنیـا ژن دەتوانـێ لـە نـاوەوە باسـی ژن بـکات. پێکهاتـەی ژن جیـاوازە و ئـەوەی ژن پێیـدا تێپـەڕ دەبـێ تەنیـا خـۆی بـە جوانـی هەسـتی پـێ دەکات. لـە پەرتووکـی "ناسـنامە و جیـاوازی لـە ڕۆمانـی ژنانـەی مەغریبـی عەرەبـی"دا لـە نووسـینی "سـەعیدە بـن بـوزە"، سـەبارەت بـەو تایبەتمەندییـە دەڵێـت: "تەنیـا ئـەوە ژنـە دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە، یـان بـە شـێوەیەکی خوازەیـی، وەک ژنێـک/وەک مێیـەک ناسـنامەی خـۆی بنووسـێتەوە و بەسـەر دەقـە نووسراوەکـەدا دابەشـی بـکات، ئەمـەش لـە شـێوازی نووسـیندا دەردەکـەوێ، چونکـە نووسـەری ژن پەنـا دەباتـە بـەر هەنـدێ تەکنیکـی تایبـەت بـە خـۆی بـۆ گوزارشـتکردن لـە ناسـنامەیەکی سـەربەخۆ کـە بـە شـێوەیەکی کارەکـی بوونـی هەیـە" (بـن بـوزە: ٢٠١٦، ص٧٣).

نووسـینی ژن دەنگـی کپکـراوی هەمـوو ئـەو ژنانەیـە مافـی دەنگهەڵبڕینیـان لـێ قەدەغـە کـراوە. دەنگـی نـاوەوەی ژنـە کـە بـۆی نییـە وەک کارەکتـەری سـەرەکیی ڕۆمانـی سـنووری باسـەکەمان لـە ڕووی عەقڵیەتـی نێرسـالاریدا بوەسـتێ و بڵێـت: "سـەیرەکە لەوەدایـە چـاوم بـە هـەر پیاوێـک کەوتبێـت، پێـی وتـووم عاشـقتم (...). لـە چـاوی زۆربەیـان ئـارەزووی ناپاکـم دەخوێنـدەوە. ئـەو کاتـە هەسـتم دەکـرد مـن تەنهـا بریتیـم لـە کونێـک! تەنیـا ژن دەزانـێ ئـەم هەسـتە چۆنـە، هەمـوو ژنێـک بـە ڕەهایـی، بـەڵام هیـچ پیاوێـک نایزانـێ..." (سـەدیق: ٢٠١٦، ل٤٣).

لـەم ڕۆمانـەدا بـە گشـتی هێـرش کراوەتـە سـەر ئـەو پیاوانـەی لـە ڕوانگـەی تەسـکی نێرسـالارییەوە لـە ژنیـان ڕوانیـوە، لێـی نزیـک بوونەتـەوە و بـە درۆ هەسـتی خۆشەویسـتییان بـۆ ئاشـکرا کـردووە، بـەڵام ئامانجـی سـەرەکییان داگیرکردنـی جەسـتەی ژن بـووە. زۆر ژنیـش بـەو درۆیانـە لەخشـتە بـراون و درەنـگ بۆیـان دەرکەوتـووە کـە فێڵیـان لـێ کـراوە. کارەکتـەری سـەرەکیی ڕۆمانـی "سـێبەری درۆ"ش ڕووبـەڕووی هەمان ڕاسـتی بووەتـەوە. دوای زیاتـر لـە دە سـاڵ، بـۆی دەردەکـەوێ یـادگار پیاوێکـی درۆزنـە، ناچـاری کـردووە لـە چاوەڕوانیـدا بمێنـێ و تـاڵاوی تەنیایی بچێـژێ و خۆزگـە بخوازێـت ڕۆژێـک بـەو پیـاوە شـاد ببـێ کـە وای دەزانـی لەوانـی دیکـە جیـاوازە.

پـاش شـەش مانـگ لـە هەنـدەران، ڕۆژێـک لـە قاوەخانـە، جوامێـر وەک ئـەوەی لەگـەڵ بەفریـن ڕێـک کەوتبـوون، تەڵاقنامە دەداتـە دەسـت بـە فریـن و ئەویـش لـە پـای ئـەم هاوکارییـە کـە لـە زیندانـی مـاڵ و ئازارەکانـی نیشـتمانی ڕزگار کـرد، ئەوپـەڕی سـوپاس و پێزانینـی خـۆی بـۆ دەردەبـڕێ و جوامێریـش گفتـی پـێ دەدات کـە لـە هـەر کاتێکـدا پێویسـتی بـەم بـوو تەنیـا زەنگێکـی بـۆ لێبـدا دێتـە هانایـەوە. کاتـێ بەفریـن بـە تەنیـا لـە قاوەخانەکـە دەمێنـێ و دەچێتـە خەیاڵـەوە، لەنـاکاو هەسـت دەکات دەسـتێک لـە سـەر شـانیەتی و بـە نـاوی خۆیـەوە بانگـی دەکات: "بەفریـن گیـان، ئـەوە تـۆ چـی ئەکـەی لێـرە؟ ئـەم ڕێکەوتـە سـەیرە چییـە! تـۆ لـە ئاسـمان کەوتییـە خـوارەوە یـان مـن لـە خەونـدام؟ دەی قسـەیەک بکـە!"

"نازانم یادگار... ها... ئاخر چۆن... ئەی گوایە تۆ مردووی!"

"نا، نا، ئەوەتانێ لە پێشتام، من زیندووم."

"ئەی بۆ خۆت لە من شاردبووەوە؟"

"گیانەکـەم، ئەوانـە هیچـی گرنـگ نییـە، گرنـگ مـن و تـۆ دیسـان بە یـەک گەیشـتین."

"چـۆن گرنـگ نییـە؟ تـۆ ئەزانـی مـن چەنـد جـار مـردم و زینـدوو بوومـەوە؟ ئـەی تـۆ نازانـی مـن چەنـد جـار لـە لێـواری مـەرگ گەڕامـەوە؟ مـن سـێ جـار هەوڵـی خۆکوشـتنم داوە، بـەڵام خۆشـبەختانە سـەریان نەگـرت..." (سـەدیق: ٢٠١٦، ل١٠٦-١٠٧).

لـەو کاتـەدا وەک وەگێـڕ دەڵـێ، کچێکـی نەوجـەوان هـات و بـە

ناوی بابە بانگی یادگاری کرد و پێی گوت تۆ خەریکی چیت من بێزار بووم. کە بەفرین گوێی لە وشەی بابە دەبێت، بۆی دەردەکەوێت یادگار ژنی هێناوە. لەو ساتەدا بەرچاوی تاریک دادێت و لە ناخەوە حەز دەکات بە چنگ ئەو پیاوە هەنجن هەنجن بکات کە چەندین ساڵ بوو بە ئاواتی دیتنی تەمەنێکی بەفیڕۆ دا. یادگار زۆر دەپەشۆکێ و تکای لێ دەکات بۆ ماوەی پێنج خولەک ڕوخسەتی بدات بۆ ئەوەی لیزای کچی بەرێتە لای دایکی. پێش ئەوەی یادگار بگەڕێتەوە، بەفرین لە یاداشتنامەکەیدا دەنووسێت: ئای چەند ڕقم لێتە عیشقی درۆزن!

پاشان یادگار دەگەڕێتەوە لای بەفرین و بۆ پاکانەکردن پێشوەخت چیرۆکێکی درۆزنانەی بۆ ئامادە دەکات و دەست بە گێڕانەوەی دەکات و دەڵێت: "ئەو کاتەی کوردستانم بەجێ هێڵا، بیرت دێت بە چ حاڵێک گەیشتم! پارەم نەبوو، بە قەرز و سواڵکردن تا گەیشتمە نەمسا، لە پانسیۆن دابەزیم. خاوەنەکەی ئافرەتێکی بە ڕەچەڵەک هۆڵەندی بوو، بەتەمەن بوو، دایکی لیزا، منیش قەرزم زۆر بوو و قەرزاری ئەویش بووم، دەبووا یان قەرزەکان بدەمەوە، یان دەخرامە بەندیخانەوە، بۆیە ناچار بووم بیهێنم. هاوکات من بەتەمای منداڵ نەبووم، بەڵام ئەو هەڵیخەڵەتاندم. بە هەرحاڵ، ئێستا من لەو جیا بوومەتەوە، تا ئەم ساتەی تۆم بینی بەتەما بووم بگەڕێمەوە کوردستان بۆ لای تۆی ڕۆحم، نازانی چەند بیرتم کردووە" (سەدیق: ٢٠١٦، ل١٠٨).

بەفرین هیچ بڕوای بەو قسانە نەدەهات و دەیزانی ئەوە تەنیا درۆیەکی هەڵبەستراوە. دوای ئەوە یادگار دەستی بەفرین ڕادەکێشێ و لەئامێزی دەگرێ و ماچی دەکات، بەڵام بەفرین هیچ وەڵامدانەوەیەکی بۆ ئەو سۆزە ساختەیەی یادگار نابێت، بۆیە یادگار پێی دەڵێت: "دیارە تۆ منت لەبیر کردووە و منت وەک جاران خۆش ناوێ!"

"نا، بێگومان خۆشتم ناوێ، من شووم کردووە."

"ئێ چی تیایە، ئەوە خۆ ڕێگر نییە لەوەی من و تۆ عیشقەکەمان زیندوو بکەینەوە" (سەدیق: ٢٠١٦، ل١٠٨).

بەم گفتوگۆیە بۆ بەفرین ساغ دەبێتەوە کە یادگار چەند درۆزنە، ئەوەندەش بێڕەوشتە. هیچی لەو پیاوە درۆزنانەی نێو وەڵات جیاواز نییە کە بڕوایان وایە ژن زەعیفەیە و بەدوای سۆز دەکەوێ و بە ئاسانی دەکرێ لەخشتە ببرێ، بەڵام بەفرین زۆر لەوە هۆشیارترە بڕوا بەو درۆیانە بکات و بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە قاوەخانەکە جێ دەهێڵێ.

نووسەری ڕۆمانەکە لێرەدا لە ڕێی زمانی یادگارەوە گەوهەری بێبەهای ئەو کارەکتەرەمان بۆ ئاشکرا دەکات، چونکە زمان، بە تایبەتی لە گفتوگۆدا "ڕۆڵێکی گرنگ لە ناسینی مرۆڤدا دەبینێت، بە هۆی ئاخاوتنەوە لە کەسایەتییەکان تێدەگەین، ئاستی ڕۆشنبیری و پایەی کۆمەڵاتی و جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بە ژیان و دیاردەکانی ناوی ڕوون دەبێتەوە، سروشتی ئاخاوتن لەگەڵ چۆنیەتیی ڕەفتاریدا کەسایەتییەکانمان بۆ دەخەنە ڕوو..." (بچکۆل: ٢٠١٩، ل١٧٧). لێرەشدا نووسەری ڕۆمانی سنووری باسەکەمان سوودی لە گرنگی و ڕۆڵی زمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئاستی بیرکردنەوە و ئاستی ڕەوشتنزمیی یادگارمان بۆ ئاشکرا بکات کە بە درێژایی ڕۆمانەکە ئێمەی خوێنەر بە تاسەوە دەمانەوێ گەوهەری ئەو کارەکتەرمان بۆ دەربکەوێ کە بەفرین وای دەزانی لە پیاوانی تری کۆمەڵگەی نێرسالاری ڕەوشت و بیرکردنەوەی جیاوازە و بە چاوێکی تر لە ژن دەڕوانێ و خۆشی دەوێت.

**ئەنجام**

دوای چەند جار خوێندنەوە و پاشان شیکردنەوەی ئەم ڕۆمانە، گەیشتینە کۆمەڵێ ئەنجام کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانە.

- ڕۆمانی سێبەری درۆ؛ ڕۆمانێکی فێمینیستییە و گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەندیی بە ژیان و ژان و خەون و حەزەکانی ژنەوە هەیە.

- ڕۆماننووس دەیەوێ ئەوە بخاتە ڕوو کە ژن تەنیا جەستە نییە، بەڵکو مرۆڤە و مافی خۆیەتی دەسەڵاتی بەسەر جەستەی خۆیەوە هەبێ و کەس لەبەر ئەو جەستەیە بۆی نییە ژن لە پیاو بە کەمتر بزانێت.

- ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێ ژنبوون ئەوە ناگەیەنێت کە ژن کەسایەتییەکی لاواز و بێعەقڵ و بێئیرادەیە، بەڵام بۆ گەیشتن بەم تێگەیشتنە پێویستە کۆمەڵگە خۆی لە بیر و بۆچوونی نێرسالاری ڕزگار بکات و وەک هاوتای پیاو

تەماشـای ژن بـکات و ڕێـز لـە حـەز و تواناکانـی بگـرێ و ناچـار نەکـرێ ببێتـە کۆیلـە و ئەرکـی سـەرەکیی لـە ژیانـی هاوسـەریدا تێرکردنـی چێـژی پیـاو و منداڵخسـتەوە و خزمەتکردنـی مـاڵ بێـت.

- لـە ڕێـی ئـەم ڕۆمانـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە تەنیـا پیـاو سـتەم لـە ژن نـاکات، بەڵکـوو هەنـدێ جـار ژنیـش ڕۆڵـی هەیـە لـە چەوسـانەوەی ژنـدا وەک حەسـیبەی دایکـی بەفریـن کـە ژیانـی کچەکـەی وێـران کـردووە و ماڵەکـەی لـێ کـردووە بـە دۆزەخ.

- لـەم ڕۆمانـەدا نووسـەر دەیـەوێ لـە تابۆکانـی سیسـتمی عەقڵـی نێرسـالاری بـدات و ئـەوە پیشـان بـدات کـە ئـەو جـۆرە سیسـتمە ژیانـی ژن و پیـاو بـەرە و کوێـرەوەری دەبـات لـە باتیـی ئـەوەی گونجـان و سـازان لـە نێوانیانـدا دروسـت بـکات.

- لـە ڕێـی ئـەم ڕۆمانـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت لـە سـایەی کۆمەڵگـەی نێرسـالاریدا دەنـگ و ڕەنـگ و کەسـایەتیی ژن دەشـێوێنرێ و لـە بەرانبەریشـدا پیـاو بـۆ بەدەسـتهێنانی جەسـتەی ژن، پەنـا بـۆ فێـڵ و درۆ دەبـات بـۆ ئـەوەی ژن لەخشـتە بـەرێ و وەک ئامێرێـک بـۆ ڕابـواردن بـەکاری بهێنێـت.

ليستى سەرچاوەكان:

ئـ. پەرتووک بە زمانی کوردی

- سـەدیق، سـۆنیا: (٢٠١٦)، سـێبەری درۆ، ڕۆمـان، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.

ب. پەرتووک بە زمانی عەرەبی

- براهمـة، سـلمى: (٢٠١٩)، سرديـات النسـوية، دار الحـوار للنـشر والتوزيـع، ط١، لاذقيـة - سـورية.

- بـن بـوزة، سـعيدة: (٢٠١٦)، الهويـة والاختـلاف في الروايـة النسـوية في المغـرب العـربي، دار نينـوى للدراسـات والنـشر والتوزيـع، ط١، دمشـق - سـورية.

- بريسـتو، جوزيـف: (٢٠١٧)، الجنسـانية، ترجمـة: عدنـان حسـن، دار الحـوار للنـشر والتوزيـع، ط١، لاذقيـة - سـورية.

- چامپـل، سـارة: (٢٠٠٢)، النسـوية ومـا بعـد النسـوية، ترجمـة: احمـد الشـامي، المجلـس الاعلـى للثقافـة، المـشروع القومـي للترجمـة، ط١، القاهـرة.

- حـب اللـة، عدنـان: (٢٠٠٤)، التحليـل النفـسي للرجولـة والانوثـة مـن فرويـد الـى لاكان، دار الفـارابي، ط١، بيـروت - لبنـان.

- حجـازي، مصطفـى: (٢٠٠١)، التخلـف الاجتماعـي، مدخـل الـى سـيكولوجية الانسـان المقهـور، المركـز الثقـافي العـربي، ط٨، الـدار البيضـاء - المغـرب.

- دو بوڤـوار، سـيمون: (٢٠١٧)، الجنـس الاخـر، الوقائـع والاسـاطير، ترجمـة: نـدى حـداد، الاهليـة .للنـشر والتوزيـع، ط١، عـمان - الأردن.

- سـلام، شـهد: (٢٠١٩)، القصيـدة النسـوية العراقيـة (٢٠٠٣-٢٠١٣)، المركـز والهامـش، دراسـة نقديـة، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، وزارة الثقافـة، ط١، بغـداد - العـراق.

- صالـح، هويـدا: (٢٠١٤)، نقـد الخطـاب المفـارق، الـسرد النسـوي بيـن النظريـة والتطبيـق، رؤيـة للنـشر والتوزيـع، ط١، القاهـرة.

- غانـم، أسـامة: (٢٠١٩)، سرديـات الجسـد والايروتيـكا، دار الحـوار للنـشر والتوزيـع، ط١، لاذقيـة - سـورية.

- فايرسـتون، شـولميت: (٢٠١٩)، الديالكتيـة الجنسـية، دفاعـا عـن الثـورة النسـوية، ترجمـة: عـزة حسـون، دار التكويـن للتاليـف والترجمـة والنـشر، ط١، دمشـق - سـورية.

- هنـاوي، ناديـة: (٢٠١٦)، الجسـدنة بيـن المحـو والخط(الذكوريـة/الانثويـة)، مفارقـات في النقـد الثقـافي، دار الرافيدين، ط١، بيـروت - لبنان.

- واصـل، عصـام: (٢٠١٨)، الروايـة النسـوية العربيـة، مسـاءلة الانسـاق وتقويـض المركزيـة، دار كنـوز المعرفـة للنـشر والتوزيـع، ط١، عـمان - الأردن.

- وهـابي، عبدالرحيـم: (٢٠١٦)، الـسرد النسـوي مـن حبكـة الحـدث الـى الشـخصية، دار كنـوز المعرفـة للنـشر والتوزيـع، ط١، عـمان - الأردن.

٣ـ نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی

- بچکـۆڵ، ئاهەنـگ شـەفیق حەمـە: (٢٠١٩)، گوتـاری جەسـتە لـە ڕۆمانـی کوردیـدا کرمانجـی خـواروو سـاڵانی (١٩٩٥-٢٠٠٥)، تێـزی دکتـۆرا، بەشـی زمانـی کـوردی، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.

- خلیـل، سـمیة نجیـب: (٢٠١٠)، ئافـرەت لـە ڕۆمانـی ئافرەتانـی کـورددا (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەڵاحەدین، هەولێـر.

## ملخص البحث

أضحت قضية التمييز الجنسي التي تمارس بحق المرأة من الموضوعات الرئيسة في النقد النسوي. وتتم معالجتها ودراستها على مستوى عالمي وتدرس أيضا كمادة أساسية في أهم الجامعات العالمية. وتنتشر حولها بشكل مثير للانتباه نظريات وأبحاث تتناول هذه القضية من وجهات نظر مختلفة ومتباينة. والهدف من وراء كل ذلك إيجاد حلول جذرية لمعاناة المرأة التي تشكل نصف سكان الأرض إن لم تكن أكثرها. واحتلت المسألة النسوية مساحة شاسعة في النقد الأدبي وخاصة في النقد الروائي وصار لها كتابها ومنظروها ونقادها.

إن رواية (ظل الكذب) للكاتبة الصحفية والقاصة الكردية سونيا صديق، واحدة من الروايات النسوية التي تعالج هذا الموضوع الشائك والمثير للجدل. فهي في مجملها تعالج معاناة المرأة الكردية في ظل مجتمع لايزال تسود فيها العلاقات الأبوبة التي تعبر عن هيمنة الرجل على المرأة في مجمل نواحي الحياة الزوجية والعائلية والمجتمعية. ولاترى فيها غير انثى وجسد يثير شهوة الرجل. وعليها أن تكون زوجة وربة بيت وأم تصلح فقط لممارسة الواجبات المنزلية ورعاية الأطفال، ولا يسمح لها بإبداء الرأي في ما يجري حولها من أحداث. كما لا يسمح لها أن تمتلك جسدها المباح والمملوك لزوجها. وكذلك ليست للمرأة السلطة على أولادها.

تعالج الرواية قضية المرأة من منظور النقد النسوي، وتحاول المؤلفة أن تعرض بأسلوب شائق وبناء فني أهم معاناة المرأة في إقليم كردستان ـ العراق مثل التهميش والاستلاب والتغريب والاستغلال حتى من قبل أقرب الناس اليها كالأم والزوج والأخ والجيران وحتى من قبل بعض الناس في فضاء الشارع.

تحاول هذه الدراسة الموسومة ب (تمرد المرأة على النظام الذكوري في رواية ظل الكذب) عبر ثلاثة محاور، ومن منظور النقد النسوي، أن تكشف للقارىء تسلط الرجل على المرأة عبر إلغاء هويتها واحتلال جسدها المسلوب من قبل السلطة الذكورية التي تمنح للرجل كل الحق لممارسة العنف الجنسي والجسدي ضد المرأة، دون وضع أي اعتبار لأنسانيتها، فهي أنثى فاقدة للحرية وتعاني أشد أنواع القهر والظلم الأجتماعي.

وتأتي الرواية كشاهدة تندد بما يقع من حيف على المرأة وتنادي من اجل تحقيق حريتها وإعادة الاعتبار لهويتها كونها إنسانة قبل ان تكون جسدا، وأن جسدها عنوان لهويتها كأنثى، لا رمزا لدونيتها أو ضعف لشخصيتها، فعلى المجتمع أن يقر بوجودها كانسانة حرة ذات إرادة مستقلة غير قابلة للنكران والمساومة، لأن استعبادها غير مسوغ إنسانيا ومنطقيا وعقليا.

الكلمات المفتاحية: المجتمع الذكوري، الأنوثة، الجسد، سونيا صديق، التمرد.

## Search Summary

The issue of sexual discrimination exercised against women has become one of the main subjects of feminist criticism. They are treated and studied at a global level and also taught as a core subject in the world's most important universities. Theories and researches on this issue are published from different and versatile perspectives. The aim of all this is to find radical solutions to the suffering of the woman, which makes up half of the Earth's population or may be more. The Women's History has occupied a vast area of literary criticism, especially in narrative criticism, and has its writers, theorists and critics.

The novel "Shadow of Lies" by the Kurdish journalist and storyteller Sonya Sdeeq, is one of the feminist narratives that addresses this thorny and controversial subject. In its entirety, it addresses the suffering of Kurdish pastoralism in a society that still reigns in the past, expressing men's hegemony in all aspects of marital, family and community life. And don't see it as a female and a body that provokes a man's lust. She is the wife and wife of a housewife who can only perform domestic duties and care for children. She is not allowed to express an opinion on the events taking place around her. She is also not allowed to possess her husband's permissible and royal body. Women also have no power over their children.

The novel addresses the pastoral jurisprudence from the perspective of feminist criticism. The author tries to exhibit in a good manner and build art the most important suffering of the woman in Kurdistan-Iraq, such as marginalization, attraction, alienation and exploitation even by people close to her, such as her mother, husband, brother, neighbors and even some people in the street space.

This study entitled (Rebellion of the Male System in the Novel Shadow of Lying) is through three axes, from the perspective of feminist criticism, she reveals to the reader the domination of the woman by abolishing her identity and occupying her body deprived by the male authority, which gives men every right to engage in sexual and physical violence against women, without regard for her humanity, she is a woman who loses freedom and suffers the most forms of oppression and social injustice.

The account of the novel is as a witness denounces the true nature of the case and calls for the realization of her freedom and the rehabilitation of her identity as a human being before she is a body. Her body is the title of her identity as a female, not a symbol of her inferiority or vulnerability to her personality. Society has to acknowledge her existence as a free, independent and irreversible human being.


Keywords: male society, femininity, body, Sonya Sdeeq, rebellion.